# چەند چیرۆکێک لە ژیانی ئیمامی عومەردا ﴿ڕەزای خوای لەسەر بێت﴾



نووسینی: محمد سعيد محمد

2024ز

# "چەند چیرۆکێك لەژیانی ئیمامی عومەردا"

محمد سعید محمد

ناوی کتێب:    چەند چیرۆکێك لەژیانی ئیمامی عومەردا.

نووسینی:      محمد سعید محمد.

دیزاینی :       نووسەر.

ساڵی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٤ز.

# پێشەکی

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، سوپاس و ستایش بۆ خودای باڵادەستی جیهانیان، درودو سەلام لەسەر خاتەمی پەیامبەران (**مُحَمَّد** ﷺ)و یارو هاوەڵانی بەگشتی...

دووبارە سوپاس و ستایش بۆخودای مەزن کە پشیوانم بوو بەوەی دەست بەنووسینی دووەمین کتێبم بکەم، ئەمجارەیان پێمخۆشبوو چەند ڕووداو و بەسەرهات و چیرۆكێك لەژیانی ئیمامی عومەردا لە دووتوێی کتێبێکدا کۆبکەمەوەو پێشکەشی خوێنەرانی بکەم، تاوەکو بەشێوەیەکی پوخت و ئاسان بیخوێننەوەو پەندو ئامۆژگاری بەسوودی لێ وەربگرن و هەروەها زانیاریان لەسەر بەشێکی زۆر کورت لەژیان و بەسەرهاتەکانی ئەم هاوەڵە دادپەروەرە بەڕێزە هەبێت.

ئیمامی عومەر دووەمین خەلیفەی ڕاشدینە لەپاش ئیمامی ئەبو بەکری ڕاستگۆوە، هەروەها یەکێکە لەو دە هاوەڵەی کە مژدەی بەهەشتی پێدراوە،وە بەهۆی دادپەروەرییەوە نازناوی فارۆقی پێدراوە، واتا ئەو کەسەی بە دادپەروەریی جیاکاری دەکات لەنێوان هەق و ناهەقدا.

عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لەسەر بێت) پێش موسڵمانبوونی دژایەتییەکی سەختی ئیسلامی کردووە، چەند گێڕانەوەیەک هەیە لەسەر ڕووداوی موسڵمانبوونەکەی، بەڵام ڕاستترینیان ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ لە خودا پاڕاوەتەوە و فەرموویەتی: (**اللهم أعزَ الاسلام بأحب هذين الرجلين إليك، بأبى جهل بن هيشام، أو بعمر بن الخطاب، قال احبهما اليه عمر**) واتا: "**خودایە ئیسلام بە باشترینی ئەم دوو پیاوە سەربخە، عەمرو کوڕی هیشام کە ئەبوو جەهل بوو یان عومەری کوڕی خەتتاب، وترا کە باشترینیان عومەر بووە"**. بۆیە خودای گەورە هیدایەتی داو موسڵمان بوو.

بەڵام لەپاش موسڵمانبوونی ئەبێتە یەکێک لە هەرە دڵسۆزەکانی ئاینی ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ.

خوێنەری ئازیز و خۆشەویست.. ئەم کتێبەی کە لەژێر دەستدایە باس لە هەموو چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو ژیانی هاوەڵ و جێنشینی دووەمی پێغەمبەر(ﷺ) ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لەسەر بێت) ناکات، بەڵکو هەوڵمداوە بەپێی ڕیزبەندی کات و سات و قۆناغەکانی تەمەنی، لە سەرەتایی موسڵمانبوونی تاوەکو ڕۆژی شەهید کردنی باس بکەم و بەشێوەیەکی جوان و پوخت و تایبەت پێشکەشی خوێنەرانمی بکەم،وە ئامانجمە هەموو کەس چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ناو ژیانی ئیمامی عومەر بخوێنێتەوەو عەدل و دادپەروەری و دڵسۆزی ئەو بکاتە پێشەنگ بۆخۆی و پەیڕەوی هەڵسوکەوت و ئاکارە جوانەکانی بکات.

محمد سعيد محمد.

کەرکوک_کوردستانی باشوور.

٢٠٢٣/١١/١٨ز؛ شەوی شەممە.

## ئیمامی عومەر کێیە؟

ناو و نەسەبی: (عومەری کوڕی خەتابی) کوڕی نوفەیلی عبدالعزی ڕەباحی عبداللهی قرط کوڕی رزاحی عەدەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی غالبی قوڕەیشی عەدەوییە، (ڕەچەڵەکی ئیمامی عومەر لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لەکەعبی کوڕی لوئەی غالب، یەکدەگرێت و کۆدەبێتەوە)[1].

ساڵی لەدایکبوونی: ئیمامی عومەر بە ١٣ ساڵ لە دوای ڕودانی (ساڵی فیل_عام الفيل) لەدایکبووە[2].

## کونیە و نازناوی:-

١_باوکی حەفسە(ابو حفصه)یە. ٢_ ئەمیری بڕواداران (أمير المؤمنين).

٣_(فاروق) واتا:(ئەو کەسەی بە دادپەروەریی جیاکاری دەکات لەنێوان هەق و ناهەقدا).

سەردەمی موسڵمان بوونی: لەمانگی زیلحەجەی (ذي الحجة) ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان محمد ﷺ، موسڵمانبووە[3]، لەدوای چل پیاو و بیست و یەک ژندا[4].وە لەتەمەنی ٢٧ ساڵیدابووە[5].

---

١_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی، وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:١٥ .

٢_ هەمان سەرچاوە.

٣_ گوڵاوی سەرمۆر، ن:الشيخ صفي الرحمن المباركفوري،و: مەودوود جەبار،ل:١٦٩.

٤_دەمێک لەمێژووی ئیسلام، وەرگێران و نوسینی:علی خان، ل:١٠٨.

٥_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی، وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:٢٨

## ماوەی خەلافەت و تەمەنی

ماوەی خەلافەتەکەی ئیمامی عومەر دەساڵ و شەش مانگ و چەند ڕۆژێکبوو. لەساڵی (٢٣)ی، کۆچی،وە لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا شەهیدکرا[6].

## خێزانەکانی[7]:-

١_ زەینەبی کچی مظعون.

٢_ملیکەی کچی جروەل.

٣_ ئوم حەکیمی کچی حارس.

٤_ عاتیکەی کچی زەید.

٥_ ئوم کەلسومی کچی عەلی کوڕی ئەبووتالیب.

٦_ جەمیلەی کچی عاصم.

٧_ قەریبەی کچی ئەبو ئومەییە.[6]

*** یەکێکە لەو دە کەسەی کە موژدەی بەهەشتی پێدراوە، ئەوانیش:-**

١_ئەبو بەکری صدیق.

٢_ عومەری کوڕی خەتاب.

٣_ عوسمانی کوڕی عەفان.

٤_ عەلی کوڕی ئەبوتالیب.

٥_ زوبەیر.

٦_ سەعیدی کوڕی زەید.

٧_سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص.

٨_عبدالرحمن کوڕی عەوف.

٩_ طەڵحە.

١٠_ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح.

---

٦_ سير السلف لأبي القاسم الأصفهاني (١/١٦٠).

٧_دەمێک لەمێژووی ئیسلام، وەرگێران و نوسینی:علی خان، ل:١٠٧.

# ﴿مەككە﴾

## ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی.

## عومەر هەوڵی شەهیدکردنی پێغەمبەر ﷺ دەدات

ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان ﷺ بوو،واتا سێ ساڵ بوو بانگەواز بەئاشکرا ئەکرا،لەو ساڵەدا موشریکەکانی قوڕەیش لە(دار_الندوە) لەدژی پێغەمبەر ﷺ کۆبوونەوەو وتیان: کێ محمد دەکوژێت؟؟!

لەو کاتەدا عومەریش لەناویان ئامادەبوو،چونکە ئەوکاتە کەسێکی موشریکبوو، بۆیە عومەر دەستبەجێ هاتە دەنگ و ووتی: ئەو کارە لێیگەڕێن بۆمن.

ئەوانیش ڕازی بوون و ووتیان: ئەی عومەر ئێمەش ئەو کارە بەتۆ دەسپێرین.

عومەریش لەڕۆژێکی زۆر گەرمی مەککەدا، شمشێرەکەی بەدەستەوە گرت و بەرەو شەهیدکردنی پێغەمبەر ﷺ کەوتەڕێ، پێشتر قوڕەیش هەواڵیاندابوو بە عومەر کە پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانان لە (دار الارقم_ ماڵی ئەرقەم)ن، لە خواروی (الصفا)وە، کۆبوونەتەوە، عومەریش لەڕێگادابوو بەخۆی و شمشێرەکەی دەستیەوە، لەو کاتەدا یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و خزمانی ئیمامی عومەر بەناوی (نوعەیمی کوڕی عەبدوڵڵای عەدەوی) لەسەر ڕێگاکەی پەیدا دەبێت، بەڵام ئاینەکەی خۆی شاردوو بوویەوەو بەنهێنی موسڵمان بووبوو، وە دەبینێ کە عومەر زۆر هەڵچوو دیارە و شمشێر بەدەستە بۆیە خێرا لێی دەپرسێت: ئەی عومەر بۆ کوێ دەڕۆیت؟[8]

عومەریش لە وەڵامدا ئەڵێت: ئەچم خوێنی موحەممەد دەڕژێنم[9]. ئەو شێتەم ئەوێ کە بووەتە مایەی ناکۆکی ناو قوڕەیش و خەونەکانی تێکداون و ئاینەکەی لەنگ و عەیبدار کردووە و خواکانی ناشرین کردووە، بۆیە ئەمەوێت بیکوژم.

---

٨_ تەواوی مێژوو،نووسینی:عیزەدین ئیبن ئەسیر، وەرگێرانی: زاهیر محمد رەشید،ل:٨٨٨،بەرگی ٣.

٩_ گوڵاوی سەرمۆر، ن:الشیخ صفي الرحمن المبارکفوري،وەرگێرانی: مەودوود جەبار، ل١٧١.

نوعەیمیش ووتی:جا ئەگەر تۆ موحەممەد بکوژیت، چۆن بەسەلامەتی لەدەست (بەنی هاشم) قوتار و ڕزگارت دەبێت؟

عومەریش بە توڕەبوون و پەست بوونێکەوە بە نوعەیمی ووت: وام گومانە کەتۆیش لە ئایینمان وەرگەڕاویت؟[10]

ئەگەر بزانم وابێت ئەوا با لەتووە دەست پێ بکەم.[11]

نوعەیمیش بۆئەوەی کێشەو بەڵاکە لەسەر پێغەمبەرمان ﷺ و خۆی لابدات ،ئەوا خێرا هاوکێشەکە دەگۆڕێت و بەعومەر ئەڵێ: ئەی عومەر..دەی با من هەواڵت پێ بدەم، کەوا کەس و کارت موسڵمان بوونە.

عومەریش کە گوێی لەم قسانە بوو ووتی:کەس و کارەکەم کێن؟ مەبەستت کێیە؟

نوعەیمیش ووتی: خوشکەکەت و زاواکەت، سەعیدی زاوات، کە هەم ئامۆزا و هەمیش زاواشتە، دیارە ئاگادار نیت کە ئەوانیش موسڵمان بوونە.

بۆیە لێرەدا عومەر هاوکێشەو ڕێڕەوەکەی دەگۆڕێت و بەروماڵی فاتیمەی خوشکی و (سەعید)[12]ی، زاوای دەکەوێتە ڕێ.

---

١٠_ گوڵاوی سەرمۆر، ن:الشیخ صفي الرحمن المبارکفوري،وەرگێرانی: مەودوود جەبار، ل١٧١.

١١_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل: ٢٣

١٢_ سەعیدی کوڕی زەید ناوی تەواوی (سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عومەری کوڕی فیل)ە. هاوەڵێکی قورەیشی، پێغەمبەر محەممەد(د.خ) بووە. ڕێکەوتی لەدایکبوونی ئاشکرا نیە، بەڵام لە ساڵی (٥١)ی هیجری کۆچی دوایی کردووە. سەعید یەکێک بووە لەو دە کەسەی کە موژدەی بەهەشتیان پێدراوە.

هەروەها کوڕە مام و زاوای عومەری کوڕی خەتتاب بووە و خوشکێکی عومەر بە ناوی "فاتیمەی کچی خەتتاب" ژنی سەعید بووە و خوشکێکی سەعییدیش بە ناوی "عاتیکەی کچی زەید" ژنی عومەر بووە، لە سەردەمی نەفامیدا زەیدی باوکی سەعید، هەرگیز باوەڕی بە بتپەرستی نەبووە و باوەڕی بە یەکتاپەرستی هەبووە، بەڵام پێش ئیسلام کۆچی دوایی کردووە.

## عومەر هیدایەت وەردەگرێت

لەدوای ئەوەی "نوعەیمی عەدەوی" بەعومەری ڕاگەیاند کەوا خوشک و زاواکەی بوونەتە موسڵمان، ئەوا عومەریش بە توڕەبوونێکی زۆرەوە بەرەو ماڵی سەعیدو فاتیمەی خوشکی کەوتەڕێ.

پێشتر پێغەمبەرمان ﷺ داوای لەخودای گەورە کردبوو کە، هیدایەتی یەکێک لەو دوو عومەرە بدات، ئەوانیش:- ئەبو جەهل،کەناوی ڕاستەقینەی (عومەری کوڕی هیشام)ە، یان(عومەری کوڕی خەتتاب)کەئەمیش خوشکەزای ئەبو جەهل بوو، بدات و ببنە موسڵمان.

عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەر دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ داوای لەخوا دەکردو دەیفەرموو: (اللهم أعزَ الاسلام بأحب هذين الرجلين إليك، بأبى جهل بن هيشام، أو بعمر بن الخطاب) واتە: (خوایە ئیسلام سەربەرز بکەیت بە یەکێک لەم دوانە لای تۆ، یان بە ئەبوجەهل یان بە عومەر).

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەفەرمووێت: (خۆشەویسترینیان لای خوا عومەر بوو کە خوا ڕێنمویی کرد)[13].

هەروەها دایکە عائیشە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ دوعای بۆ عومەر دەکردوو دەیفەرموو: "اللهم اعز الاسلام بعمر بن خطاب" واتە:خوایە ئیسلام سەربەرز بکەیت بە موسڵمانبوونی عومەری کوڕی خەتاب[14].

بۆیە یەکێک لەهۆکارەکانی هیدایەت وەرگرتنی ئیمامی عومەر ئەم نزایانەی پێغەمبەرمان ﷺ بووە.

---

١٣- ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان و فەرموودەکاندا، نووسینی:مەلا محمد مەلا فائق شارەزووری، ل:١٣١.

١٤_ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٣٢

با بێینەوە سەر باسەکەمان؛عومەر بە تووڕەیی و پەستبوونێکی زۆرەوە گەیشتە بەردەرگای ماڵ فاتیمەی خوشکی و لەوکاتەدا ئەوانیش سەرقاڵی خوێندنەوەی سورەتی (طه)ی، قورئانی پیرۆز بوون، لەگەڵ هاوەڵی بەڕێز (خەباب)دا، خەباب بەنێهێنی هاتوچۆی ماڵی سەعیدو فاتیمەی دەکرد بۆئەوەی قورئانیان بۆ بخوێنێتەوە[15]، وە مامۆستای قورئانی ئەوان بوو.

لەو کاتەدا کە عومەر گەیشتە بەردەرگای ماڵیان و لەدەرگاکەیانیدا و وتیان: ئەوە کێیە؟

عومەریش ووتی: کوڕی خەتابم[16].

کە گوێیان لەدەنگی عومەر بوو ئەوانیش خەبابیان لەماڵەکەدا شاردەوەو ئینجا فاتیمەش پەڕە قورئانەکەی شاردەوە ،بەڵام عومەر کاتێک نزیکی ماڵیان بوویەوە گوێبیستی دەنگێک بوو بوو کە کەسێک لەماڵەوە قورئان دەخوێنێت، بۆیە کاتێک هاتە ژوورەوە ووتی:ئەو دەنگە دەنگە چیبوو کە گوێم لێبوو؟؟؟. ئەوانیش ووتیان: هیچ شتێک نەبوو ،تەنها گفتوگۆیەکی ئاسایی نێوان خۆمان بوو.

عومەر ووتی: ڕەنگە ئێوەش شێت بووبێتن؟مەبەستی ئەوەبوو کە موسڵمان بوو بێتن.

سەعیدیش ووتی: ئەی عومەر ڕات چییە لەسەر ئەوەی ئەو ئاینە ڕاست بێت؟

---

١٥_ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان و فەرموودەکاندا، نووسینی:مەلا محمد مەلا فائق شارەزووری،بەرگی ١، لاپەڕە:١٣٣.

١٦_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:٢٣.

عومەر کە گوێی لەو قسەیە بوو هەڵیکووتایە سەر زاواکەی و بەتوندی ڕیشی گرت و هەردووکیان تێک هەڵگژان بەیەکدا، ئیمامی عومەر لەبەرئەوەی زۆر بەهێزبوو سەعیدی زاوای دا بەزەویدا و چووە سەر سنگی، لەم کاتەدا فاتیمەی خوشکی هات عومەر لابدات لەسەر سنگی هاوسەرەکەی، بەڵام عومەر مشتەکۆڵەیەکیدا بەناو دەمیدا و دەمی پڕکرد لەخوێن.

فاتیمەش بەتوڕەییەوە پێی ووت: ئەری عومەر چیت دەوێت؟؟

ئەوەتا حەق لەئاینەکەی تۆدا نییە[17].

ئینجا فاتیمە شایەتیداو وتی:(اشهد ان لا اله الا الله، أشهد أن محمدا رسول الله).

پاشان هەردووکیان وتیان: بەڵێ موسڵمان بووین ئەی عومەر، وە باوەڕمان بەخواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، چیشت لەدەست دێت سەرپشک بە[18].

ئیمامی عومەر ئەو خوێنەی بینی بەڕووی خوشکەکەیەوە پەشیمان بوویەوە

پێی ووت: ئەو قورئانەم بدەرێ، تا بزانم ئەوە چیبوو کە گوێم لێبوو دەتانخوێندە تا منیش بیخوێنمەوە.

فاتیمەش ووتی: ناتدەمێ، چونکە دەترسا ئیمامی عومەر نەیداتەوە.

عومەریش ووتی: ئەوەی خوێندتانەوە کاری تێکردووم، بمدەرێ با سەیری بکەم، منیش بەڵێنت پێدەدەم، سوێندبێ کە خیانەتت لێ نەکەم و بتدەمەوە[19].

١٧ _ گوڵاوی سەرمۆر ژیاننامەی پێغەمبەری مەزن،ن:صفی الرحمن المباركفوري، و: بکرحمە صدیق عارف،ل:١٢٢.

١٨ _ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان و فەرموودەکاندا، نووسینی:مەلا محمد مەلا فائق شارەزووری،ل:١٣٤.

١٩ _ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:٢٣.

فاتیمەش ووتی: تۆ پیسی و ئەم قورئانە جگە لەپاكان نابێت كەس دەستی لێبدات: ( لَّا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ) (الواقعة:٧٩) واتە: "تەنها پاكان نەبێت كەس دەستی لێ نادات".ئینجا بەردەوام بوو و گووتی: هەستە خۆتبشۆ یان دەستنوێژێك بگرە.

عومەریش چوو خۆی ششت و پاقژبوویەوەو ئینجا ئەو پارچە ڕوپەڕەی بەدەستەوە گرت و خوێندیەوە كە سورەتی (طه)ی، تێدا نووسرابوو.

سەرەتاكەی خوێندەوەو فەرمووی: ئەم ووتەیە چەندە جوانە!!

ئیمامی عومەر تاوەكو (ئایەتی ١٤ لە سورەتی طه) خوێندەوە كە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾ واتە:

(بەڕاستی هەر من (الله)م، من خوام، هیچ خوایەک نیە جگە لە من، کەواتە هەر من بپەرستەو نوێژەكانیشت بەچاكی ئەنجام بدە،تا هەمیشە منت لە یاد بێت). ئیمامی عومەر ووتی: قورەیش لەمە ڕایان كردووە؟ هەركەسێک ئەم قسانە بكات(مەبەستی لە ئایەتەكانی قورئانە) تەنها ئەو شیاوی پەرستنەو نابێت كەسی تری لەگەڵدا بپەرسترێت، كە خەباب گوێی لەم قسانەی عومەر بوو، لەو شوێنەی خۆی تێدا حەشاردابوو هاتە دەرەوەو ووتی: ئەی عومەر هیوام وایە كە خوا تایبەتی كردبێت بە دوعای پێغەمبەرەكەی[20]، من گوێم لێبوو دوێنێ پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای بۆ دەكردی و دەیفەرموو: (خوایە پشگیری ئیسلام بكەی بە موسڵمانبوونی ئەبو جەهل یا عومەر)[21].

---

٢٠_تەواوی مێژوو،نووسینی:عیزەدین ئیبن ئەسیر، وەرگێرانی: زاهیر محمد ڕەشید،ل:٨٨٩، بەرگی٣.

٢١ _ ژیانی پێغەمبەری خواﷺ لەقورئان و فەرموودەكاندا، نووسینی:مەلا محمد مەلا فائق شارەزووری، لاپەڕە: ١٣٤.

ئینجا ئیمامی عومەر ووتی: ئەی موحەممەد لەکوێیە تاوەکو بچم موسڵمان ببم؟

بمبەن بۆلای موحەممەد..!

(خەباب)یش، شوێنەکەی پێ گووت، پاشان ئەمجارەیان عومەر بۆ مەبەستێکی دیکەو بەدڵ و دەروونێکی دیکەوە بەرەو لای پێغەمبەرمان ﷺ هەنگاوی هەڵنا و کەوتەڕێ.

«««««««»»»»»»»

## موسڵمانبوونی عومەری فاروق

لەدوای ئەوەی کە هاوەڵی بەڕێز 'خەباب' شوێن و ناونیشانی پێغەمبەری ﷺ

به ئیمامی عومەر دا، ئەوا ئیمامی عومەر یەکسەر بۆ ماڵی 'ئەرقەم' بەرێکەوت تاوەکو پێغەمبەر ﷺ ببینێت و موسڵمانانبوونی خۆی پێ ڕابگەیەنێت.

ئیمامی عومەر گەیشتە بەردەرگای ماڵی ئەرقەم و لە تەقەی دەرگایدا، موسڵمانان گوێیان لەتەقەی دەرگاکەبوو، پاشان پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەستاو لەکونی دەرگاکەوە سەیری کرد کە ئەوە عومەرە بە شمشێرەکەیەوە هەڵی کوتاوەتە سەریان، هاوەڵەکە بەپەلە گەڕایەوە لای پێغەمبەر ﷺ و پێی ووت: ئەوە عومەرە.. شمشێرەکەی بەدەستەوەیەو هاتووە بۆ ئێرە، هاوەڵان ترسان و تووشی لەرزین بوون لەتاو ئەو توند و تیژییەی ئیمامی عومەر لەدژی موسڵمانان هەیبوو[22]، لەوکاتەدا کە ئیمامی حەمزەش لەوێبوو، ئەویش سێ ڕۆژ لەوەو پێش ببوو بە موسڵمان، کە ئەو دیمەنەی بینی هاوەڵانی ڕاچەڵەکاند و فەرمووی: ئەوە چیتانە؟

هاوەڵان فەرموویان: عومەری کوڕی خەتاب لێرەیەو لەبەر دەرگا وەستاوە.

ئیمامی حەمزە فەرمووی: عومەری کوڕی خەتاب.. دەرگاکەی لێ بکەنەوە، ئەگەر خودا چاکەی ئەوی بوێت ئەوا موسڵمان ئەبێت، ئەگەر واش نەبێت ئەوا کوشتنی بەدەست ئێمە زۆر ئاسانە و خۆمان دەیکوژین.

دەرگاکەیان لێکردەوە، لەم کاتەدا حەمزەو پیاوێکی تر دەستیان گرتوو بردیانە لای پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: لێیگەڕێن.

---

٢٢_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:٢٥.

پێغەمبەری ئازیز  هەستا دامەنی گرت و بە کۆکردنەوەی عەباکەی توند توند گوشی و فەرمووی: چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە ئەی کوڕەکەی خەتتاب؟! سوێند بەخوا من نابینم تۆ کۆتاییت پێ بێت، هەتا خوای گەورە ڕۆژکارێکی سەخت و دژوارت بەسەرتا نەبێت).

عومەریش پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من هاتووم تاوەکو باوەڕ بەخودا و پێغەمبەرەکەی و ئەوەش بهێنم کە تۆ لەلای خوداوە هێناوەتە.

ئینجا پێغەمبەری خۆشەویست (الله اكبر)ی، کرد و خاو و خێزان و یارانی  کە لەناو ماڵەکە بوون زانییان عومەر موسڵمان بووە[23]  دڵخۆش و سەرفراز بوون.

پاشان کە بینیان عومەر موسڵمان بووەو لەگەڵ حەمزە دایە، دڵنیابوون لەوەی ئەم دوو پیاوە بەرگری لە پێغەمبەری خوا( ﷺ )دەکەن و لەدووژمنەکانی دەیپارێزن.

وە هاوەڵان بە موسڵمانبوونی ئیمامی عومەر سەربەرزتر بوون لەناو کۆلانەکانی (قورەیش)دا، هەروەها خەڵکی قورەیشیش چاک دەیانزانی دوو پاڵەوانی زۆر ئازا کە (عومەر و حەمزە)یە، چوونەتە ڕیزی موسڵمانان، بۆیە لەمەودوا دەبێت حسابێکی تایبەتییان بۆ بکرێت.

دوا بەدوای موسڵمانبوونی ئیمامی عومەر، پێغەمبەر(ﷺ)دوعای بۆ کرد کە خوا ئیسلام جێگر بکات لەدڵیدا، هەروەکو عەبداللەی کوڕی عومەری خەتاب دەفەرموێت: (پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سنگی عومەردا و سێ جار فەرمووی: ((خوایە ئەوەی لەسنگی عومەردا هەیە لەڕق و قینە، دەری بهێنە و شوێنەکەی پڕبکە لە باوەڕ)[24].

---

٢٣_تەواوی مێژوو،نووسینی:عیزەدین ئیبن ئەسیر، وەرگێرانی: زاهیر محمد ڕەشید،ل:٨٩٠، بەرگی٣.

٢٤_ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان و فەرموودەکاندا، نووسینی:مەلا محمد مەلا فائق شارەزووری،ل::١٣٥.

لێرە بەدواوە ئیتر ئیمامی عومەر بووە موسڵمان و دەرگای دڵی بەڕووی ئیسلامدا واڵاکرد و ئاینی ئیسلام لەدڵ و دەروونیدا جێگیر بوو.

پاشان ئیمامی عومەر بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو: ئەی قوربان ئێمە ئەگەر بمرین و بژین هەر لەسەر هەق نین؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ..واللەی بمرن و بژین،هەر لەسەر هەق و ڕاستین.

ئینجا ئیمامی عومەر فەرمووی: دەی کەواتە بۆچی وا خۆمان حەشار بدەین و بترسین؟! سوێند بەخوا..! دەبێ بەئاشکرا بچینە دەرو موسوڵمان بوونی خۆمان ڕابگەیەنین.

لەو کاتەدا موسڵمانان بوونە دوو ڕیز و چوونە دەرەوە، حەمزە پێشڕەوی ڕیزێکی دەکردو ئیمامی عومەریش پێشڕەوی ڕیزەکەی تر، قورەیشییەکان کە موسڵمانانیان بینی لەداخا وەکو قیر ڕەش داگەڕان، خەم و خەفەت وەخت بوو بیانتەقێنێت، ئیتر لەوەوە پێغەمبەری ئازیز ﷺ نازناوی (فاروق)ی، لە ئیمامی عومەرنا، واتا جیاکەرەوەی هەق و ناهەق لەیەکتری.

# کۆچکردن لە ﴿مەککەوە بۆ مەدینە﴾

# ساڵی ١٣ی،پێغەمبەرایەتی

## کۆچ و هیجرەتی ئیمامی عومەر

یەکێک لەئازایەتی و جوامێرییەکانی ئیمامی عومەر کۆچکردنەکەیەتی بەئاشکرایی .

ئیمامی عومەر تاکە کەسبوو کە بەئاشکرا لە مەککەی پیرۆزەوە بۆ مەدینەی منەوەر کۆچبکات، کۆچکردنەکەی ئیمامی عومەر پێش کۆچکردنی پێغەمبەرەﷺ بۆ شاری مەدینەی خۆشەویست.

ئیبنو عەبباس دەڵێ: عەلی کوڕی ئەبووتالیب بۆی باسکردم کە هەموو هاوەڵان بەنهێنی کۆچیان کرد تەنها ئیمامی عومەر نەبێت، کاتێک ویستی هیجرەت بکات بۆ مەدینە، شمشێرەکەی کردە ملی و تیرو کەوانەکەی بەدەستەوە گرت و بە بەردەم کەعبەدا تێپەڕی کە لەوکاتەدا گەورەو پیاو ماقوڵانی قورەیش لەبەردەم دەرگای کەعبەدا بوون، حەوت جار بەدەوری کەعبەدا سوڕایەوە[25]، پاشان هاتە مەقامی ئیبراهیم و دوو رەکعەت نوێژی تێدا خوێند و دواتر یەک یەک لەسەر ئەڵقەکان وەستا و فەرمووی: ئەم دەم و چاوانە ناشرین بن، دەڵێ ئێسکتان خواتەوە،جگە لەم لووتانەش خوا هیچ لووتێک نەچەقێنێ بە خۆڵدا..کێ ئەیەوێ دایکی ڕۆڵە ڕۆی بۆبکات، یان منداڵەکانی هەتیو بخات، یان هاوسەرەکەی بێوەژن بخات، با لەودیوی ئەم شیوەوە چاوم پێی بکەوێ[26]. هیچ کەسێک نەیوێرا شوێنی بکەوێت جگە لە کۆمەڵێک موسڵمانی لاواز نەبێ کەخۆی ڕێی نیشاندابوون، ژمارەی ئەو موسڵمانانەش نزیکی بیست پیاو دەبوون ئەوانیش (عەییاش و زەیدی برای ئیمامی عومەر و سەعیدی کوڕی زەیدی ئامۆزای کە هاوسەری فاتمەی خوشکی بوو لەگەڵ واقیدی کوڕی عەبدوڵڵای تەمیمی و چەند کەسێکی تر..) دواتر ئیمامی عومەر کەوتە ڕێ

---

٢٥_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:٢٨.

٢٦_ ژیانی ئازیزمان، بەرگی یەکەم، نووسینی: حەبیب محمد سعید، ل: ٤٢٤_٤٢٥.

لەگەڵ ئەو کەس و کار و خزمانەی و هەندێ لە موسڵمانە بێ دەسەڵاتەکانیش لەگەڵیا کۆچیانکرد تاوەکو عومەر ئەوان بپارێزێت لەدەستی موشریکەکانی قورەیش.

پاشان کە گەیشتنە شاری مەدینە،لای خێڵی بەنی عەمر لەقوبا لایاندا، ئەبو جەهل و حاریثی برای هاتن بۆ مەدینە بۆلای عەییاشی کوڕی ئەبو ڕەبیعە کە هەرسێکیان لەیەک دایک بوون و برای یەکبوون، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە هێشتا پێغەمبەرمان ﷺ لەمەککەدا بوو.

ئەبو جەهل و حاریثی برای لەگەڵ عەییاشدا کەوتنە گفتووگۆ تاوەکو لەگەڵ خۆیاندا بیگەڕێنەوە بۆ مەککە، هەردوو برا بە عەییاشیان ووت: ئەی عەییاش.. دایکمان سوێندی خواردووە هەتاوەکو تۆ نەگەڕێیتەوە شانە لەسەری نەدات و لەبەر تین و گەرمی خۆری مەککەش دانیشتووەو لا ناچێ و ناڕواتە بەر سێبەر..!

عەییاشیش دڵی بۆ دایکی سووتاو کەمێک دڵی نەرم بوو، بۆیە عومەریش بە عەییاش دەفەرمووێت: ئەی عەییاش ئەمانە دەیانەوێت لەسەر ئەم ئایینەت لەخشتە بەرن، ئاممان وریایان بە.. بەخوا دایکت ئەگەر ئەسپێ بدات لەسەری ئەوا شانەی ئەکات و ئەگەر گەرمای مەککەش بێزاری بکات و زۆری بۆ بهێنێت، ئەوا دەڕواتە بەر سێبەرەوە[27] و خۆی پێ ناگیرێت.

دواتر عەییاش کەمێک بیری کردەوەو ووتی: ئەی عومەر دەمەوێت بەباشی بەدەم سوێندەکەی دایکمەوە بچم و لەوێش هەم پارەو پوڵێکم هەیە لەگەڵ خۆمی دەهێنمەوە.

---

٢٧_ پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا، نووسینی: عەلی باپیر، لاپەرە:٣٧٨

عومەریش ووتی: ئەی عەییاش..! تۆ دەزانی من یەکێکم لەوانەی کە زۆرترین ماڵم هەیە لە مەککەدا؟ من نیوەی ماڵەکەمت ئەدەمێ تەنها تۆ مەگەڕێوە لەگەڵیاندا.

بەڵام عەییاش نکۆڵی کرد و کۆتا بڕیاریدا کە لەگەڵ ئەواندا بگەڕێتەوە.

پاشان ئیمامی عومەر پێی فەرموو: مادام هەر دەتەوێت ئەم کارە بکەیت و بڕۆیت ئەوا ئەم حوشترەی من لەگەڵ خۆتدا ببە، ئەم حوشترەی من بۆ سواری بەکاربهێنە زۆر ڕەسەن و گوێڕایەڵە، ئەگەر لەڕێگادا کێشەو گرفتێکت لەگەڵیاندا بۆ دروست بوو ئەوا بەم حوشترە خۆتی پێ دەرباز بکە.

عەییاشیش حوشترەکەی ئیمامی عومەری وەرگرت و لەگەڵیاندا بەرەو مەککە کەوتەڕێ.

««««««««««»»»»»»»»»»

## عەیباش دەستگیر دەکەن

لەدوای ئەوەی عەیباش بەگوێی عومەری نەکرد و لەگەڵ خاڵەکانی ئیمامی عومەر بەرەو مەککە کەوتە ڕێ ،لەنیوەی ڕێگا بوون ئەبو جەهل بە عەیاشی ووت: ئەی عەیباشی برام، سوێند بەخوا ئەم حوشترەی من ماندوو بووەو منیشی لەسەر پشتی ماندوو کردووە، ئایا کەمێک لەسەر ئەو حوشترەی خۆت لە پشتەوە سوارم ناکەیت؟ عەیباشیش ووتی: باشە قەیچێکە.

عەیباش حوشترەکەی دانیشاند و ویستی لەسەر حوشترەکەی دابەزێت، کە نزیکی زەوی بوویەوە هەردوو برا فرسەتیان وەرگرت و پەرلەماریاندا،خێرا دەست و قاچیان بەست و گرتیان، دوای ئەوەی گەیشتنەوە مەککە، بەڕۆژی ڕووناک کردیان بەناو شاری مەککەدا و بە خەڵکی مەککەیان ئەووت: هێیی خەڵکی مەککە..! سەرلێشێواوەکانتان ئاوا لێ بکەن هەروەکو ئێمە کە کردمان[27].

لێرەدا ئەو پێشبینییەی ئیمامی عومەر ترسی لێی هەبوو ڕوویدا، ئەبو جەهل و حارسی برای توانیان عەیباش کە لەدایکی برایان بوو، فریوو بدەن و دەستی بەسەردا بگرن و بیگێڕنەوە بۆ مەککە.

هۆکاری فریوودان و خۆشباوەڕییەکەی عەیباش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەبو جەهل و حارس لە دایکەوە برای ئەو بوون، هەر ئەمەش وای لە عەیباش کرد دڵنیابیت لێیان و بەتایبەتیش هەر کارێک پەیوەندی بە دایکیانەوە هەبێت ئەوا عەیباش هەست و سۆزی دەجووڵێت. ئەبو جەهلیش بۆیە ئەم پلانە فێڵبازانەی دارشت دەیزانی کە عەیباش ڕەحم و سۆزی بۆ دایکیانی هەیەو ناتوانێت پێداگیری مانەوەی لە مەدینەدا بکات.

---

٢٧_گوڵاوی سەرمۆر ژیاننامەی پێغەمبەری مەزن،نووسینی:صفی الرحمن المبارکفوري، وەرگێڕانی: بکرحمە صدیق عارف،لاپەرە:١٨٠.

لەم ڕووداوەدا هەڵوێستێکی جوانی ئیمامی عومەر لەوەدا دەردەکەوێت کە نیوەی ماڵ و سەروەتەکەی لەپێناو ئیسلام و برا دینییەکەیدا بەخشی، بەو مەرجەی لەگەڵیاندا نەڕواتەوە، بەڵام عەییاش گوێی بۆ نەگرت و بەقسەی برا موشریکەکانی فریووی خوارد.

# قۆناغی (مەدینە)

## ساڵ: یەكەمی كۆچی تاوەكو یازدەهەمی كۆچی

## خەوبینینی ئیمامی عومەر بۆ بانگدان

لەدوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لەشاری مەدینە جێگیر بوو، مزگەوتیش دروستکرا، هاوەڵانی کۆچەر و پشتیوانان بەئاشکرا لەشاری مەدینە نوێژی بوکۆمەڵیان ئەنجام ئەدا لەمزگەوتدا، بەڵام موسڵمانان سەرەتا بانگیان نەبوو ،جا بۆ شتێک دەگەڕان تا خەڵکی پێ بانگ بکەن و کۆببنەوە بۆ نوێژی بەکۆمەڵ ،پێغەمبەرمان ﷺ و هاوەڵان بەپەرۆشی ئەوە بوون کەوا هێمایەک شتێک بدۆزنەوە تاوەکو هەمووانی پێ ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ، بۆیە کۆمەڵێک لەهاوەڵان ووتیان: با ئاڵایەک هەڵبکەین تاوەکو لەدورەوە ببینرێت و هەندێکیان هەندێکیانی تری پێ ئاگادار بکاتەوە بۆئەوەی بچن نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن، بەڵام پێغەمبەرمان ﷺ ئەو پێشنیاری لاپەسەند نەبوو، کۆمەڵێکی تر ووتیان: ئەی بۆچی (زۆڕنا_کەڕەنایەک) وەکو ئەوەی جولەکەکان ئامادە نەکەین تا بیکەین بە ئاگادارکەرەوەیەک بۆ کاتی نوێژەکان[28].

پێغەمبەرمان ﷺ ئەو پێشنیارەشی پەسەند نەکردو بەباشی نەزانی چونکە فەرمووی:ئەوە تایبەتە بە جولەکەکان.

پاشان کۆمەڵەیەکی تر ووتیان: ئەی بۆچی زەنگۆڵەیەک وەکو زەنگۆڵەکانی گاورەکان ئامادە نەکەین؟ پێغەمبەرمان ﷺ ئەمیشی لەلا پەسەند نەبوو و فەرمووی: ئەویش تایبەتە بە گاورەکان.

پێغەمبەر ﷺ زۆر نیگەران بوو لەوەی کەوا هیچ شتێک نییە تاوەکو هاوەڵانی لەسەر ئاگادارو کۆبکرێتەوە بۆئەوەی بێنە مزگەوت،تاوەکو نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ئەنجام بدەن،ئەوەبوو دواتر چەند هاوەڵێ خەویان بینی کە لە خەوەکەیاندا بانگیان فێر کرا ،لەوانەش (عومەری کوڕی خەططاب) و (عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی ڕەببیە)بوو.

---

٢٨_ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان و فەرموودەکاندا، نووسینی:مەلا محمد مەلا فائق شارەزووری،لاپەڕە:٢٨٣.

بۆیە پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم)بڕیاری دا بانگ دابرنێت بۆ بانگهێشتی خەڵكی بۆ نوێژەكانیان .چیرۆكەكەش بەمشێوەیە بوو:-عەبدوڵڵای كوڕی زەیدی كوڕی عەبد رەببیە لە خەودا بانگی پێ وترا.

عەبدوڵڵا هات بۆ لای پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم )و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم )من ئەمشەو لەخەومدا، كەسێ كە دوو جلی سەوزی لەبەربوو و زەنگێكی بەدەستەوە بوو، وتم ئەی بەندەی خوا ئەو زەنگە دەفرۆشیت؟

ــوتی: بۆ چیتە؟

ــوتم تا خەڵكی پێ بانگ بكەین بۆ نوێژ..

ــ ئەویش وتی :ئایا لەوە چاكترت پێ نیشان بدەم؟

ــوتم لەوە چاكتر چییە ؟ ئەویش ووتی؛ بڵێ:

(( الله أكبر الله أكبر

الله أكبر الله أكبر

أشهد أن لا إله إلا الله

أشهد أن لا إله إلا الله

أشهد أن محمداً رسول الله

أشهد أن محمداً رسول الله

حي على الصلاة

حي على الصلاة

حي على الفلاح

حي على الفلاح

الله أكبر الله أكبر

لا اله الا الله ))

.

دواتر كەمێك وەستا و پاشان هەمان شتی ووت، بەڵام ئەمجارە بە تاك هەمووی ووت ،وە لە كۆتاییدا وتی :

(( قد قامت الصلاة  قد قامت الصلاة
الله اكبر الله اكبر
لا اله الا الله )).

كاتێك ئەو خەوەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : پشت بە خوا ئەو خەوە ڕاستە ،دەی هەستە بیڵێ بە بیلال و فێری چۆنیەتی ووتنی بکە ،چونکە ئەو دەنگی لە تۆ بەرزتر و باشترە.

كاتێ بیلال هەستا ئەو بانگەی دا ،عومەری كوڕی خەططاب لە ماڵەوە بوو، كە گوێبیستی دەنگی بانگەكەی بیلال بوو ،خێرا هات بۆ مزگەوت و بەسەرهاتی خەوەكەی عەبدوڵڵای بیست و چووە لای پێغەمبەر ﷺ و عەباكەی ڕادەكێشا و دەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ سوێند بەوەی تۆی بەحەق ناردووە، منیش هەمان ئەو خەوەم بینی كە ( عەبدوڵڵا) بینویەتی، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (( فلله الحمد فذاك أثبت ))[29] واتا

(( سوپاس بۆ خودا، دەی ئەوە چەسپاوترە )).

---

٢٩_زنجیرە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دووەم عومەری كوڕی خەتاب، ئامادەكردنی: خوبەیب كوردی،ل:٢١-٢٤

## ڕاستگۆیەک و دوو شەهید

پێغەمبەرمان ﷺ هەر لەم دونیایەدا چەند جارێک موژدەی شەهیدبوونی بە ئیمامی عومەر دابوو،یەکێک لەو جارانەی کەوا لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ موژدەی بەهەشتی پێداوە، گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەم شێوەیە بووە:-

ڕۆژێکیان پێغەمبەر ﷺ و ئیمامی ئەبو بەکری (صدیق_ڕاستگۆ)و ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب و ئیمامی عوسمانی کوڕی عەفان، چوونە سەر کێوی ئوحود و لەسەر کێوی ئوحود ڕاوەستابوون، لەو کاتەدا کێوی ئوحود دەستی کرد بە لەرزین و لەرزەی پێخستن، پێغەمبەریش ﷺ بەقاچی لێی داو فەرمووی: (( ئەی ئوحود.. جوڵە جوڵ مەکە.! بێگومان تەنها پێغەمبەرێک و ڕاستگۆیەک و دوو شەهید لەسەرتن)).[30] پاشان کێوی ئوحود لە لەرزین کەوت!

لێرەدا بێگومان ئەوە دەردەکەوێت کە مەبەستی پێغەمبەرمان ﷺ لە پێغەمبەرەکە خودی خۆیەتی و ڕاستگۆکەش ئیمامی ئەبو بەکری ڕاستگۆیە، دوو شەهیدەکەش ئیمامی عومەر و ئیمامی عوسمانە(ڕەزای خوایان لەسەر بێت).

ئەم چیرۆکە هەم موژدەدانی پێغەمبەرمانە ﷺ بە هاوەڵانی، هەمیش یەکێکە لەو موعجیزانەی کەوا ئیمامی ئەبو بەکر کە ڕاستگۆکەیە شەهید نابێت،بەڵکو کۆچی دوایی ئەکات و ئەو دوو هاوەڵەی تریشی کە ئیمامی عومەر و ئیمامی عوسمانە دەکوژرێن و شەهید دەبن، هەرواش دەرچوو، ئەو دوانەیان شەهید دەبن.

---

٣٠_ 50 چیرۆک لە فەرموودەکانی پێغەمبەر لە بوخاریدا، نووسینی: علي عبدالعال الطهطاوي، وەرگێڕانی :عبدالرحمان ئەحمەد// صحیح البخاری، رقم الحدیث /٣٦٧٥.

# پێغەمبەر ﷺ و پرسیارکەرێکی نامۆ

ئیمامی عومەر دەفەرموویت: ڕۆژێکیان لەخزمەتی پێغەمبەرمان ﷺ دانیشتووبووین،پیاوێک هات بۆلای پێغەمبەرمان، کەسێکی ڕوخسارجوان و سەر و قژ ڕێک و پۆشاکێکی سپی و خاوێنی لەبەردابوو، خەڵکەکە هەمووان چاویان لەسەری بوو و سەیری یەکتریان دەکرد و دەیان ووت: ئێمە ئەم پیاوە ناناسین و ئەمەش لە ڕێبوار ناکات،وە هیچ ماندووبوونی پێوە دیار نەبوو ، خەڵکەکە سەرسام بوون بەو کەسە نامۆیە.

پیاوەکە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خۆشەویستﷺ،و سەلامی کرد، پاشان هێندە لێی نزیک بوویەوە تا ئەژنۆی نا بەئەژنۆی موبارەکی پێغەمبەرمانەوە ﷺ و دەستی خستە سەر ڕانەکانی و فەرمووی: ئیسلام چییە؟ پێغەمبەری ئازیزﷺ فەرمووی: (شاهێدی بدەی کە یەک خوا هەیە ئەویش (الله)یە،و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە و نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت و ڕۆژوو بگریت و فەریزەی حەج بەجێ بهێنیت)).

کابرا کە ووتی: ڕاست ئەکەی.

ئیمامی عومەر دەفەرموویت: ئێمەش پێمان سەیر بوو پرسیار دەکات و پاشان دەڵێت: ڕاست دەکەی..!؟

پاشان کابرا نامۆیەکە ووتی: ئەی ئیمان چییە؟

پێغەمبەرمان ﷺ فەرمووی: ((باوەڕت هەبێت بە خوا و بە فریشتەکان و پەیامەکانی و پێغەمبەرەکانی خوا و زیندوو بوونەوەی دوای مردن و قەدەر بەخێرو شەڕییەوە)).

پیاوەکە ووتی: ڕاست دەکەی.

پاشان پیاوەکە ووتی: ئەی چاکەکردن(احسان) چییە؟

پێغەمبەری خۆشەویستﷺ فەرمووی :بەشێوەیەک خودا بپەرستیت وەک ئەوەی کە دەیبینی،خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینی ئەوا خوای گەورە تۆ دەبینێت)).

پاشان کابراکە ووتی: ئەی کەی ڕۆژی دوایی بەرپا دەبێت؟

پێغەمبەری نازداریشﷺ فەرمووی: ((پرسیار لێکراوە زانا تر نییە لەوەی پرسیار دەکات))[31].

پاشان کابراکە پرسی : ئەی نیشانەکانی ڕۆژی دووایی چین؟

پێغەمبەرمان ﷺ فەرمووی: (( نیشانەکانی ئەوەن کۆیلەکان گەورەی خۆیانیان لێ دەبێت، پێپەتی و ڕەش و ڕووت و شوانی مەڕ کۆشک تەلاریان زۆر بەرز دەکەنەوەو شانازییان پێوە دەکەن)).

دواتر کابراکە ڕۆیشت، ئینجا لەپاش سێ ڕۆژ پێغەمبەرمان ﷺ فەرمووی: ئەی عومەر..! ئایا دەزانی ئەو کەسە کێبوو کە، پرسیاری دەرباری ئەو شتانە کرد؟

منیش ووتم: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن.

پێغەمبەرمان ﷺ فەرمووی: ئەو پیاوە جبریل بوو، هاتبوو تاوەکو ئاینەکەتان فێربکات)).

بەهۆی ئەم بەسەرهاتەوە ئیمامی عومەر زۆر بەچاکی لەڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە لە باشترین فریشتەوە، مانای (ئیسلام و ئیمان و چاکە(إحسان) فێربوو بوو).

---

٣١_ دەق و واتای الأربعون النووية بەکوردی، نوسینی:أبو زكريا يحيى بن شرف الحزامي النووي،

بە کوردیکردنی محمد ماحی، فەرموودەی دووەم، لاپەڕە: ١٦_١٩.

موسلیم (٨)// ئەبووداود (٤٦٩٥)// ترمذي (٢٦١٠)// نەسائی (٤٩٩٠)// ئیبنوماجە (٦٣).

## پێغەمبەر ﷺ
## دوعا بۆ ئیمامی عومەر دەكات

ڕۆژێكیان پێغەمبەری نازدارﷺ ئیمامی عومەری بینی كە كراسێكی سپی و جوانی لەبەردا بوو، بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ فەرمووی:((ئەی عومەر ئەم كراسەت تازەو نوێیە یان شۆراوە؟)).

ئیمامی عومەریش فەرمووی: ئەم كراسەم نوێیە[32].

پاشان پێغەمبەرمان ﷺ فەرمووی: ((پۆشاكی نویٚ لەبەر بكەیت، بەخۆشی بژیت و بەشەهیدی بمریت))[33].

لەڕێگەی ئەم چیرۆك و بەسەرهاتەوە ئەوە فێر دەبین كە هەر كاتێك كەسێكمان بە پۆشاكێكی جوان یاخود نوێوە بینی ئەو نزایەی پێغەمبەرمانی ﷺ بۆ بكەین و بڵێین: ((پۆشاكی نویٚ لەبەر بكەیت، بەخۆشی بژیت و بەشەهیدی بمریت)).

«««««««»»»»»»»

٣٢_أخرجه ابن ماجه: كتاب اللباس، باب ما يقول الرجلُ إذا لبس ثوبًا جديدًا، برقم (3548)، وصححه الألباني.

٣٣_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری كوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە: ٧٢.

## ئەم دونیا بۆ ئەوانە و قیامەتیش بۆ ئێمە

ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر چوو بۆلای خاتەمی پێغەمبەران موحەممەدە موستەفا ﷺ، دەبینێت کە پێغەمبەر ﷺ بەلادا و لەسەر حەسیرێکی زبردا پاڵکەوتووە، هێندە لاواز بوو شوێنەواری حەسیرەکە لەسەر جەستەی پێغەمبەرمان ﷺ دەرکەوتوو بوو..!!

لەلای سەریشیوە پشتیەکی دروستکراو لە خاشاک دانرابوو، لەسەر سەریشیوە پێستەیەکی ووشک هەڵواسرابوو، لەسوچێکی ژوورەکەدا نزیکەی تاسەیەک جۆ دانرابوو.

ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لەسەر بێت) کاتێک پێغەمبەری بەم شێوەیە بینی، فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە.

ئینجا پێغەمبەرمان ﷺ کە ئیمامی عومەری بینی، بە ئیمامی عومەری فەرموو: ئەی کوڕەکەی خەتاب بۆچی دەگریت؟

ئیمامی عومەریش کاتێک کە فرمێسکەکانی تێکەڵ بە هەستەکانی بوو بوون و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا جا چۆن نەگریم، کاتێک حەسیرەکە دەبینم شوێنەواری لەسەر جەستەت دروستکردووە، هەروەها ئەمەش کۆگای خۆراکەکەتە کە تەنها ئەو (جۆ)یەی، تێدایە..!!

کەچی کیسرا و قەیصەر لەسەر ڕاخەری ئاڵتون و زیوو ئاوریشم دادەنیشن لەکاتێکدا ئەوان بێباوەڕن و تۆش پێغەمبەر و خۆشەویستی خودای !!

پێغەمبەرمانیش ﷺ ویستی دڵنەوایی ئیمامی عومەر بداتەوەو کەمێك خەمەکانی بڕوێنێتەوە لەسەر خەمخواردنی بۆی، بۆیە پێی فەرموو: ئەی عومەر ..! ئایا تۆ ڕازی نابیت کە دوونیا بۆ ئەوان ببێت و قیامەتیش بۆ ئێمە؟!ئەوان نەتەوەیەکن کە خۆشیەکانیان پێشکەوتووە لەم دونیایەداو بەخۆشگوزەرانی دەژین، بۆیە ئەم دونیا بۆ ئەوانە قیامەتیش بۆ ئێمە.

ئیمامی عومەریش پاش ئەوەی دڵنیابوویەوە لەسەر پێغەمبەری نازدار ﷺ و فەرمووی: بەڵێ[34].

((تۆی موسڵمانیش کاتێک لەم دونیا خۆشگوزەران نیت خەمبار مەبە، چونکە ئێمە قیامەت و خۆشگوزەرانی هەتا هەتاییمان هەیە لە بەهەشتە پان و بەرینەکەی پەروەرێندا، خودایە لە قیامەتدا خۆشگوزەرانمان بکەی، اللهم ئامین..)).

٣٤_ ١٠٠ چیرۆک لەبارەی خۆشەویستی پێغەمبەرەوەﷺ، نووسینی:محمد صدیق مەنشاوی،وەرگێرانی:کەیهان مستەفا، لاپەڕە:٤٤_٤٣ // (اخرجه الحاكم ب لا لا ١٠٤ و اخرجه احمد ب ١ لا ٣٣).

## ئێستا ئیمانت تەواوە ئەی عومەر

ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر لە خزمەتی بەڕێزترین دروستکراوی خودا پێغەمبەرمان موحەممەدﷺ دانیشتبوو.

عومەری کوڕی خەتتاب لێی نزیک بوویەوەو بە پێغەمبەرمانی فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆم لە هەموو شتێک زیاتر خۆشدەوێت جگە لە نەفسی خۆم نەبێت !

پێغەمبەریشمان ﷺ بە ئەدەب و شێوازێکی زۆر جوان هاتە گۆ و پێی فەرموو: نەخێر.. سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە، دەبێت منت لەخۆت زیاتر خۆشبوێت ئەی عومەر !

پاشان ئیمامی عومەر ورووژانێکی خۆشەویستی بە گیان و جەستەیدا هات و هاتەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ سوێند بەخودا ئێستا تۆم لە خۆشم خۆشتر دەوێت.

پێغەمبەریش ﷺ بە دڵێکی دڵنیاییەوە پێی فەرموو: ئێستا تەواوە ئەی عومەر[35]..

((لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێویستە پێغەمبەرمان ﷺ لە هەموو شتێک زیاتر خۆشبوێت بۆئەوەی ئیمانەکەمان تەواو و بێ کێشە بێت، جا ئەو شتانە ماڵ و موڵک و منداڵ و خێزان و دایک و باوک و خوشک و برا و کەسە نزیکەکانمان یاخود هەرچیەک بن کە لەلامان خۆشەویست و شیرینن، تەنانەت لە گیان و نەفسی خۆشمان زیاتر خۆشمانبوویێت، بۆئەوەی ئیمان و باوەڕەکەمان تەواو و کامڵ بێت..!)).

---

٣٥_ ١٠٠چیرۆک لەبارەی خۆشەویستی پێغەمبەرەوەﷺ، نووسینی:محمد صدیق مەنشاوی،وەرگێرانی:کەیهان مستەفا، لاپەڕە:٤٧ // وەریگرتووە لە: (أخرجە البخاري حديث رقم ٦٦٣٢).

# ساڵی: یازدەهەمی کۆچی

## کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ و

## کاردانەوەی ئیمامی عومەر

لەساڵی یازدەی کۆچیدا پێغەمبەرمان ﷺ ماوەی حەفتەیەک بەقورسی تۆشی نەخۆشی و ئازار هات، لە مانگی (ربیع الاول)دا، ڕۆژی دووشەممە نەخۆشکەوت وە لە ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو پێش نیوەڕۆکەی لە ڕێکەوتی: ١٢ی (ربیع الاول) بەرانبەر بە (٦٣٢/٦/٨)ز،لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد[36].

هاوەڵان لەدوای بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ یەکجار دڵتەنگی و نارەحەت بوون، خەندە لە لێوانیان باری کرد، خەم و پەژارەو پەرۆش و گریان جێی گرتەوە.

کۆچی دوایی ئەو نوورە هێندە بە ئازار بوو هێندە موصیبەتێکی گەورەبووە وایکرد هەندێک لەهاوەڵان قسەی تێکەڵ و پێکەڵیان دەکرد لەتاودا، هەیانبوو دانیشتبوو تووشی سەرسامی بوو بوو، هەشیانبوو نەی ئەتوانی هەستێتە سەرپێ، هەشبوو هەموو زمانی لەتاوادا وەکو لاڵی لێهاتبوو و نەی ئەتوانی قسە بکات، هی واشیان تێدابوو بە یەکجاری داکۆکی و ئینکاری لەسەر مردنی دەکرد، یەکێک لەوانەی ئینکاری لەسەر مردنی ئەکرد ئیمامی عومەر بوو.

عومەری کوڕی خەتاب کە هەواڵی کۆچی دوایی پێغەمبەری خۆشەویستیﷺ بیست باوەڕی نەکرد و دەیگووت: کۆمەڵێک لە دووڕووان گومانی ئەوە دەبەن کە پێغەمبەر ﷺ مردبێت! ئەوە وانییە،بەڵکو پێغەمبەر ﷺ هەروەکو (موسا)یە، کە چل ڕۆژ دوور کەوتۆتەوە لە قەومەکەی و دواتر گەڕاوەتەوە ناویان، سوێند بەخوا پێغەمبەریش ﷺ دەگەڕێتەوەو دەست و پێی ئەوانەش دەبڕێت کە گومانیان وابووە کە ئەو مردووە[37].

---

٣٦_ پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا، نووسینی: عەلی باپیر، لاپەڕە ٧١٨ و ٧٢٣.

٣٧_ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە:٧٢٤.

کاتێک ئەبوبەکر هەواڵەکەی بیست لە (سونحەوە) بە سواری ئەسپێک هات، خۆی گەیاندە مزگەوت بێ ئەوەی هیچ کەس بدوێنێ و قسە لەگەڵ کەسدا بکات، ڕاستەوخۆ چووە ژوورەکەی دایکە عائیشەی کچی، کە دەکاتە خێزانی پێغەمبەر ﷺ، ڕووی لە پێغەمبەری خوا ﷺنا، کە بە پارچە قوماشێک داپۆشرابوو[38].

ئیمامی ئەبوبەکر ڕووپۆشەکەی لەسەر دەم و چاوی پێغەمبەرمان (ﷺ)لادا و خۆی بەسەریدا چەماندەوە و ماچی کرد، پاشان دەستی کرد بەگریان و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لە کۆڵمەکانی دەهاتنە خوارەوە، پاشان فەرمووی: بەدایک و باوکمەوە بەقوربانت بم، بەمردووی و بەزیندوویی هەر جوانی، بەخوا هەرگیز خوا دووجار نات مرێنێت، ئەو مەرگەی لەسەرت بپێویست بوو ئەوا چەشتت[39].

دواتر ئەبوبەکر پەڕۆکەی دایەوە بان دەم و چاوی پێغەمبەری نازدار(ﷺ) و چووە دەرەوەو بینی وا ئیمامی عومەر گەرم بووەو وتار ئەدات، ئەبوبەکر هەستی کرد کە عومەر لەتاو کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ)هۆشی بەخۆیەوە نەماوە و بڕیارەکانی لەجێی خۆیاندا نین.

بۆیە ئیمامی ئەبوبەکر فەرمانی بە عومەرداو پێی فەرموو: دابنیشە ئەی عومەر..!

کەچی ئیمامی عومەر وەها گەرم بوو بوو وەهاش هەڵچووبوو فەرمانەکەی ئەبوبەکری نە ئەبیست.

بۆیە ئەبوبەکر ناچاربوو خۆی دەست بە وتاردان بکات بۆ هاوەڵان، ئەبو بەکر

---

٣٨ _ ژیانی ئازیزمان، بەرگی دووەم، نوسینی حەبیب محمد سعید، لاپەڕەی:٨٥٠.

٣٨ __ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨٥٠.

دەستی بە وتاردان کرد، ئیتر خەڵکەکە هاتن بەرەو لای (ابو بەکر) و ئیمامی (عومەر)یان، یەحێهێشت، ئیمامی ئەبوبەکر لەپاش سوپاس و ستایش کردنی خوای گەورە ئینجا فەرمووی: ((هەر کەس موحەممەدی ئەپەرست، ئەوا موحەمەد مرد، وە هەر کەسیش خوای ئەپەرست، ئەوا خوا زیندووەو نامرێ))

پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ﴾ (ال عمران:١٤٤).

واتە: ﴿(محمد (صلى الله عليه وسلم) تەنها پێغەمبەرێک نەبووە وەفات بکات، بێگومان پێغەمبەرانی پێش ئەمیش (وەفاتیان کردووە)، ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژراو شەهید بوو، ئێوە پاشگەز دەبنەوە و هەڵدەگەڕێنەوە؟! (لەو دین و ئاینەی کە پێی ڕاگەیاندوون) خۆ ئەوەی هەڵگەڕێتەوە و پاشگەزبێتەوە، ئەوە هەرگیز زیان بەخوا ناگەیەنێت، لە داهاتویەکی نزیکدا خوای گەورە پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە﴾[40].

ئا بەو شێوەیە ئیمامی ئەبو بەکر توانی هاوسەنگی بگێڕێتەوە بۆ ئیمامی عومەر و زۆر لەو هاوەڵانەی کە بە وەفاتی پێغەمبەرمان ﷺ زۆر دڵتەنگ و خەمگین بوون.

ئەبو هورەیرە[41] دەفەرموویێت: سوێند بەخوا خەڵکی ئەوەیان لەبیر نەمابوو کە ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە تاوەکو ئەو کاتەی ئەبو بەکر خوێندیەوە.

---

٤٠_ تەفسیری ئاسان.

٤١_ئەبوو هورەیرە:ناوی ڕاستەقینەی عەبدوڕەحمان کوڕی سەخر دوسی یان عەبدولشەمس کوڕی سەخر دوسی ناسراو بە ئەبوو هورەیرە (بە عەرەبی: أبو هريرة) یەکێک بووە لە هاوەڵە پایەبەرزەکانی پێغەمبەر. بە کۆ دەنگی ئەهلی فەرموودە ئەبوو هورەیرە یەکەم هاوەڵ بووە کە زۆرترین فەرموودەی ڕیوایەت کردووە و لەبەری بووە. لە سەردەمی نەفامیدا ناوی "عبدالشمس کوڕی سەخر" بوو، پاشان کە موسڵمان بوو پێغەمبەر ناوی نا عەبدوڕەحمان کوڕی سەخر دوسی؛ نازناوی (دوسی) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی هۆزی دوس کوڕی عدنان کوڕی عبدالله کوڕی زهران.

ئینجا عومەری کوڕی خەتتاب زانی کە پێغەمبەرمان ﷺ کۆچی دوایی کردووە، هەروەکو خۆی دەفەرموویت: سوێند بەخوا، کاتێ ئەم ئایەتەم بیست کە ئەبو بەکر خوێندیەوە برینەکەم سارێژ بوو و کەوتمە سەر زەوی، پێیەکانم توانای ئەوەیان نەما کە ڕامگرن، هەر ئەو دەمەش زانیم کە پێغەمبەر (ﷺ)وەفاتی کردووە[42].

کۆچی دوایی ئەو نوورە هێندە سامناک و بەئازار بووە پێشتر هاوەڵان ئەو ئایەتە پیرۆزەیان لەیاد نەمابوو تاوەکو ئیمامی ئەبو بەکر بۆیانی خوێندەوەو خستیەوە یادیان، ئینجا زانیان کە پێغەمبەرمان موحەممەدﷺ کۆچی هەتا هەتایی کردووە.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە، ئیمامی ئەبو بەکر ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾ (الزمر:٣٠) واتە ﴿پێغەمبەری خوایش صلى الله عليه وسلم وەفات دەکات [إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ (30)] ئەی محمد صلى الله عليه وسلم تۆش دەمریت و ئەوانیش دەمرن، ئەمە هەواڵی وەفاتی پێغەمبەری خوا بوو صلى الله عليه وسلم ، (ئەبو بەکری صدیق لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەم ئایەتەی خوێندەوە و کردییە بەڵگە لەسەر وەفاتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم )[43].

---

٤٢_البخاري، كتاب: الجنائز، رقم (١٢٤٢).

٤٣_ تەفسیری ڕێبەر.

## سەردەمی جێنشینیبوونی(ئەبو بەكری صدیق)

**سالّی:** یازدەهەم تاوەكو سیانزدەهەمی كۆچی.

(١١-١٣)ك.

## ئیمامی عومەر

### بەیعەت بە ئەبووبەکر دەدات

هەر ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی تێدا کرد، هەموو پشتیوانیان

(أنصار) لە سەقیفەی بەنی ساعیدە کۆبوونەوە تا کەسێک دیاری بکەن بە جێنشینی پێغەمبەر ﷺ[44]. بەڵام دواتر لەسەر وتاردانی ئەبو بەکری سدیق هەمووان بەوە ڕازی دەبن کە یەکێک لە کۆچەران بکەنە جێنشینی یەکەمی پێغەمبەر ﷺ، لەدوای ئەوەی ئیمامی ئەبوبەکر قسەکانی تەواو کرد (ئەبو عوبەیدەی جەڕاح[45] و عومەری کوڕی خەتتاب)ی، بۆ جێنشینی بوونی پێغەمبەرمان ﷺ دەستنیشانکرد، بەڵام ئیمامی عومەر پێی ناخۆش بوو کە ئەو پێش ئەبو بەکر بکەوێت و ببێتە جێنشینی پێغەمبەر ﷺ، بۆیە ئیمامی عومەر فەرمووی: ((قسەکانی تری ئەبوو بەکرم پێناخۆش نەبوو، بەڵام سوێند بەخوا بیاندایە لە ملم و سەریان لەلاشەم جیا کردمایەتەوە پێم خۆشتر بوو لەوەی ببم بە جێنشین و سەرکردەی گەلێک کە ئەبو بەکری تێدا بێت))[46].

ئیمامی عومەر قەناعەتی وابوو کە ئەبو بەکر لە هەمووان زیاتر شایانترە ببێتە جێنشینی پێغەمبەر ﷺ، بۆیە پێی بە ئەبووبەکری فەرموو: دەستت بێنە ئەی ئەبوو بەکر..! تاوەکو بەیعەت بە ئەبووبەکر بدات،ئینجا ئەبوبەکر دەستی دەهێنێت و دەست دەخەنە ناو دەستی یەک بۆ بەیعەتدان.ئیمامی عومەر ڕوودەکاتە پشتیوانیان(انصار) و ئەفەرمووێت: ئەی کۆمەڵی پشتیوانیان..

---

٤٤_ خەلیفەی یەکەم ئەبووبەکری صیددیق،ن: دکتۆر علي محمد الصلابي،و: مامۆستا عومەر تۆفیق الخطاط، ل:١٦٤.

٤٥_ناوی ئەبو عوبەیدە عامری کوڕی جەڕاحی کوڕی هیلالی کوڕی ئوهەیبی کوڕی مونەبەهی کوڕی حارسی کوڕی فیهری کوڕی مالیکی کوڕی نەضر، لەگەڵ عوسمانی کوڕی مەزعوندا باوەڕی هێنا و کۆچی کرد بۆ حەبەشە لە کۆچی دووەم، بەشداری بەدر و هەموو ڕوداوەکانی تری کردووە، خۆڕاگر بوو لە ڕۆژی ئوحود لەگەڵ پێغەمبەردا، ئەو دوو ئەڵقەیەی کە چووبوونە ڕوومەتی پێغەمبەر بە ددان دەریهێنان، ددانە بڕەرەکانی کەوتنە خوارەوە.

٤٦_ هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل: ١٦٨_١٦٩.

ئایا نازانن کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک نەخۆشبوو فەرمانیدا تاوەکو ئەبو بەکر لەباتی خۆی پێشنوێژی بۆ موسڵمانان بکات؟

دەی ئایا کامتان قەبووڵی ئەوە دەکەن کە پێشی ئەبو بەکر بکەون؟

پشتیوانانیش ووتیان: پەنا بەخوا لەوەی پێشی ئەبو بەکر بکەوین.

ئینجا ئیمامی عومەر خۆی دەفەرمووێت: من بەیعەتم بە ئەبوو بەکردا، پاشان کۆچەریان و پاش ئەوانیش پشتیوانیان بەیعەتیان پێیدا و بەم شێوەیە ئیمامی ئەبوو بەکریان کردە جێنشینی یەکەمی پێغەمبەر ﷺ.

## کۆکردنەوەی قورئان

لە ساڵی دوانزەی کۆچی، بەدیاری کراوی  دە مانگ لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری نوورمان و لەسەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکری صدیقدا شەڕێکی قورس ناسراو بە شەڕی  یەمامە لە سنوورەکانی ڕۆم لەنێوان هەڵگەڕاوەکان و پەیڕەوانی موسەیلەمەی کذاب(درۆزن) و سوپای ئیسلامدا بە فەرماندەیی خالیدی کوڕی وەلید هەڵگیرسا.

ئەم شەڕە بووە هۆی ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو موسڵمانانەی کەوا تێیدا شەهید بوون بریتی بوون لەوانەی کە قورئانی پیرۆزیان لەبەر بوو،هەروەها زەیدی کوڕی خەتابیش کە دەکاتە برای ئیمامی عومەر لەو شەڕەدا شەهید بوو.

شەهید بوونی زەید، زۆر کاریگەری خستە سەر ئیمامی عومەر، بەڕادەیەک خەریکبوو گیانی بۆی دەربچێت، ئەوەندە خەمبار بوو کاتێک عەبدوڵڵای کوڕی لەشەڕ گەڕایەوە بۆ مەدینە ئیمامی عومەر ڕوی لێ گرژ کرد و پێی فەرموو: بۆچی تۆ بە ساغی گەڕایتەوە لەکاتێکدا زەیدی برام شەهید بووە، بۆچی لەپێش چاوم وون نابیت؟[47]

عەبدوڵڵای کوڕیشی لە وەڵامدا  فەرمووی: هەردووکمان داوای شەهیدبوونمان لەخوا کرد و ئاواتە خواستی شەهید بوون بووین، بەڵام خودا تەنها ئارەزووی ئەوی بەدی هێنا. عەبدوڵڵا بەم شێوەیە سوکنایی ئەدایە دڵی باوکی، ئیمامی عومەر گەرچی شەهید بوونی براکەی بەلاوە دژوار بوو، بەڵام شەهید بوونی زۆرێک لە حافزانی قورئان و بلليمەتانی ئیسلام، زیاتر لە هەموو شت دڵتەنگ و نیگەرانی کرد.

---

٤٧_(١٠٠٠) وتەی  ئیمامی عومەر گەشتێک بەناوی ژیانیدا، ئامادەکردنی: ئیبراهیم یونس السامرائی، وەرگێڕان و ڕاڤەکردنی: مامۆستا محی الدين تاها قوڕەیشی،ل: ٤٢ // وەریگرتووە لە:- الفاروق عمر،محمد حسين هيكل، ج١، ل٨٣؛٨٤.

ئیمامی عومەر تێبینی ئەوەی کرد ئەگەر لەم چەشنە شەڕە خوێناویانە دوبارە ببنەوەو ژمارەیەکی تر لەم گەورە پیاوانە لە شەڕەکان شەهید ببن یاخود بەمەرگی خۆیان بمرن، ئەوا بێگومان لەبارەی تەرتیبی سورەت و ئایەتەکانی قورئان تێکەڵی و پێکەڵی دروست ئەبێت، بۆیە عومەری فاروق هەستی بە مەترسییەکی گەورە دەکرد، ئەمە وایکرد ئیمامی عومەر بەرەو مزگەوت بۆلای خەلیفە موسڵمانان ئەبوو بەکری سدیق بەڕێ بکەوێت تاوەکو وەکو ڕاوێژکارێك و هەستکردن بە بەرپرسایەتی لەسەر ئەو بابەتە کەوتە گفتوگۆ.

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئیمامی ئەبو بەکر لەسەر داوا و ڕاوێژی ئیمامی عومەر، هەستێت بە کۆکردنەوەی ئەو نووسراوانەی کە قورئانی پیرۆزی تێدا نووسرابووەیەوە وەکو نوسینی لەسەر(گەڵاو ئێسک و پەل و لەناو سنگی هاوەڵان)[48].

ئیمامی ئەبو بەکر ئەم کارەی ڕاسپارد بە هاوەڵێکی بەڕێز کە ئەویش (زەیدی کوڕی ثابتی)ئەنصاری بوو،زەید ڕەزای خوای گەورەی لەسەر بێت دەفەرمووێت: ئەبو بەکر لەدوای شەهیدبوونی ئەهلی یەمامە ناردی بەدوامدا، کاتێک چووم عومەری کوڕی خەتتابی لەلا بوو..

ئەبو بەکر پێمی فەرموو: عومەر هاتۆتە لام و ئەڵێت: ڕۆژی یەمامە کۆمەڵە هاوەڵێکی زۆر شەهید بوون و زۆربەشیان ئەوانەن کە قورئان خوێنن و قورئانیان لەبەردایە، من دەترسم بە شەهیدیوونی ئەم قورئانخوێنانە قورئانیش تیا بچێت، لەبەرئەوە من پێمباشە کە فەرمان بە کۆکردنەوەی قورئان بدەیت[49].

پاشان ئەبو بەکر لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەفەرمووێت،

---

٤٨_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە:٩١.

٤٩ _ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

منیش ووتم: عومەر..! چۆن کارێکی وابکەم کە پێغەمبەر ﷺ نەیکردووە؟

عومەریش فەرمووی: سوێند بەخوا ئەمە کارێکی چاک و باشە.

ئەبو بەکر ئەڵێت: عومەر بەردەوام ئەمەی دوبارە ئەکردەوە تاوەکو خوای گەورە سنگی کردمەوە بۆئەوەی کە عومەری لەسەر سەقام گیر بووبوو، دواتر

منیش ڕام چوویە سەر ڕاکەی عومەرو بەوکارە ڕازی بووم.

پاشان زەید دەفەرمووێت: ئەبوبەکر فەرمووی:تۆ پیاوێکی لاو و ژیرو پاکیت، وە تۆ وەحیت بۆ پێغەمبەرﷺ دەنووسیەوە، بۆیە تۆ قورئان کۆبکەوە لەو شتانەی لەلای من و لەلای کەسانی تریشە.

ئینجا زەیدیش دەفەرمووێت: سوێندا بەخوا ئەگەر ئەبو بەکر داوای لێ بركردمایە، کە چیایەک لە چیاکان بگوێزمەوە، پێم ئاسانتر بوو لەوەی داوای لێکردم هەستم بە کۆکردنەوەی قورئان[50].

بەمشێوەیە لەسەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا فەرمانی دەرکرد لەسەر ڕاوێژو داوای ئیمامی عومەر،لەلایەن (زەیدی کوڕی ثابت و خودی ئیمامی عومەر)ەوە،وەکو بەرپرسی وەرگرتن و کۆکردنەوەی دەست نووسەکان، دەستکرا بە کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز، هیچ نووسراوێک بەبێ دوو شایەتی متمانە پێکراو وەر نە دەگیران، کۆکردنەوەو نووسینی قورئان لەسەر پێستی ئاسک بوو، ماوەکەشی ساڵێکی خایاند.

---

٥٠_ صحيح البخاری، رقم، ٤٩٨٦.

## ئەبوبەکر عومەر دەکاتە جێنیشنی خۆی ١٣ك

ئیمامی ئەبوو بەکر لەرۆژی سێشەممە ٢٢ی جمادی الآخری ساڵی (١٣)ی کۆچی، لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا وەفاتی کرد، هۆکاری مردنەکەی بۆئەوە ئەگێرنەوە کە زۆر خەفەتی بە مردنی پێغەمبەری خۆشەویستﷺ دەخوارد، لەدوای خۆی حوشترێک و (٥) درهەم و کیفەدانێکی شمشێری لەدوای خۆی بەجێهێشت و ناردیان بۆ (بیت المال)..

کە ئیمامی عومەر ئەوەی بینی دەستیکردە گریان و فەرمووی:رەحمەتی خوا لە ئەبوبەکر بێت، بەڕاستی ئەبوبەکر لەدوای خۆی والیەکانی زۆر ماندوو

ئەکا [51]. واتا کەسێکی زۆر پارێزکار بووەو موسریف نەبووە.

ئیمامی ئەبوبەکر لەکاتی نەخۆشکەوتنیدا بیری کردەوە کە یەکێک بۆ جێنشینی دابنێن، هەروەها مەبەستیشی بوو ئەو کەسەی کە دەیەویست ببێتە جێنشینی عومەری کوڕی خەتتاب بێت، بۆیە عبدالرحمن کوڕی عەوفی بانگکرد و پێی ووت: هەواڵی عومەرم پێبدە بزانم کەسێکی چۆنە؟ عبدالرحمن ووتی ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا: (عومەر) باشتر لەوەیە کە گومان دەکەیت واتا(کەسێکی زۆر چاک و باشە) بەڵام کەسێکی توڕەیە.

ئیمامی ئەبوبەکریش ووتی: توندی ئەو لەبەر ئەوەیە من بەکەسێکی نەرم و نیان دەزانێت،ئەگەر خەلافەت بگرێتە دەست، توند و تیژی پشتگوێ دەخات، من چەندین جار لێی وردبوومەتەوە، کاتێک لەکەسێک توڕە دەبم داوام لێدەکات نەرم و نیانی لەگەڵ بکەم و کاتێکیش ڕێگەی نەرمی لەگەڵ کەسێک دەگرمەبەر ڕێگەی توندوتیژیم نیشان دەدات، ئەی باوکی محەممەد(عبدالرحمن کوڕی عەوف)ئەوەی باسم کرد لەلای کەس باسی مەکە[52].

---

٥١ _ خەلیفەکانی ڕاشدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبوندا،صلاح عبدالفتاح،و: فاتح سەنگاوی،ل:٧٣.

٥٢ _ مێژووی تەبەری،ن:محمد بن جریر طبری،و: زانەر محمد،ل:١٥١٨،بەرگی چوارەم.

عبدالرحمن ووتی: بێ خەمبە، باسی ناکەم.

پاشان ئەبوبەکر عوسمانی کوڕی عەفانی بانگکرد و ووتی: ئەی باوکی عبدالله..! سەبارەت بە عومەر بدوێ و قسەم بۆ بکە. عوسمانیش ووتی: تۆ باشتر دەزانیت.

ئەبوو بەکر ووتی: ئەی باوکی عبدالله(عوسمانی کوڕی عەفان) باسی بکە..!

ئینجا عوسمان ووتی: سوێند بەخوا بێ گومانم لەوەی ناخی لەڕووکەش پاکترەو لەناو ئێمەدا کەس وەکو ئەو نییە.

ئەبوبەکر ووتی:خوا بتبورێ عوسمان، ئەوەی باسمانکرد باسی مەکە[53].
عوسمان ووتی: وا دەکەم ئەی ئەمیری بڕواداران.

پاشان ئیمامی ئەبوبەکر عوسمانی کوڕی عەفانی بانگکردەوە و بەتەنیا لەگەڵ ئەو کۆبوویەوە تا فەرمانی جێگیری عومەر بنووسێت.

ئەبوبەکر پێی ووت: بنووسە: بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەمە فەرمانێکە لە ئەبوبەکر کوڕی ئەبی قەحافە بۆ موسڵمانان، لەوکاتەدا ئەبوبەکر نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات بورایەوەو لەهۆش خۆی چوو..

بەڵام عوسمان ترسا قسەکە تەواو نەکات و بمرێت و موسڵمانان بکەونە ناکۆکیەوە[54]، بۆیە درێژەی بە فەرمانەکەیدا و بەمشێوەیەی نووسی: من عومەری کوڕی خەتاب وەکو جێگری خۆم بۆ فەرمانڕەوایی ئێوە دەستنیشان دەکەم و باشیەکەم لەئێوە نەشاردەوە[55]، هەر بۆیە من عومەری کوڕی خەتابم

---

٥٣_ مێژووی تەبەری،ن:محمد بن جریر طبری،و: زانەر محمد،ل:١٥١٨، بەرگی چوارەم.

٥٤_کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا،نووسینی:حەسەن محمود حەمە کەریم، ل:١٠٨.

٥٥_تەواوی مێژوو،ن:عیزەدین ئیبن ئەسیر، و: زاهیر محمد ڕەشید، ل: ١٢٥٠بەرگی چوارەم.

بەسەرەوە دانان، چونکە خێری ئێوەم دەویست وە لەوم باشتر دەست نەکەوت.

دواتر ئەبوبەکر هاتەوە هۆش و بەعوسمانی ووت: فەرمانەکەم بۆ بخوێنەرەوە..

عوسمان ئەوەی نووسیبووی بۆ ئەبوبەکری خوێندەوە، ئەبوبەکر (الله اکبر)ی، کردو بە عوسمانی ووت: ناوی عومەرت نووسی ترسای لەوەی من بمرم و ناکۆکی بکەوێتە ناو موسڵمانان؟

عوسمانیش فەرمووی: بەڵێ..!

ئەبوبەکر فەرمووی: خوا پاداشتت بداتەوە.

ئینجا ئەبوبەکر ڕوویکردە خەڵکەکە کە کۆکرابوویەوە، نامەکەی بەسەردا خوێندنەوە، پاشان ووتی: ((من کەسێکی خزمی خۆمم دانەناوە، بەڵکو عومەرم بەسەرەوە داناون،گوێی بۆ بگرن و گوێڕایەڵی بکەن)).

ئینجا ئیمامی عومەری بانگکرد و وەسیەتی بۆ کرد و فەرمووی: ((ئەی عومەر لەخوا بترسە..

بزانە کاری وا هەیە ڕۆژ دەیکەیت، شەو خوا وەریناگرێت، کارێ بەشەو دەیکەیت، ڕەنگە بەڕۆژ

وەرینەگرێت، وە خوا سونەت وەرناگرێ هەتا فەرز تەواو نەکەیت)).

پاشان ئیمامی ئەبوبەکر لەنێوان مەغریب و عیشا کۆچی دوایی کرد و شۆردیان، ئیمامی عومەر نوێژی مردووی لەسەر کرد، پاشان لەپاڵی پێغەمبەردا (د.خ) یستێک لەخوار سەری و ڕێک نزیک شانی سەروەرمان لەژوورەکەی دایکمان عائیشە لە مەدینە ئەسپەردە کرا.

((ئەمەش چیرۆكی دەستنیشانكردنی دووەم خەلیفەی ڕاشدین (ئیمامی عومەر) بوو، لەدوای ئەمە قۆناغێكی نوێ لەژیانی ئیمامی عومەری كوڕی خەتابدا ڕوودەدات، ئەویش بوون بە خەلیفە و بوونە ئەمیری بڕوادارانە)).

«««««««««««««»»»»»»»»»»»»»

سەردەمی خەلیفایەتی ئیمامی عومەر تاوەكو شەهید بوونی.

سالّی ١٣تا ٢٣ كۆچی .

## وتاری ئیمامی عومەر وەكو خەلیفەیەكی نوێ

لەدوای وەفاتی ئیمامی ئەبوبەكر، ئیمامی عومەر وەكو دووەمین خەلیفە چووە سەر مینبەر..پلەیەك لەخوار پلیكانەكەی ئەبوبەكر وەستا و فەرمووی: (خوایە من لاوازم بەهێزم بكەی، توڕەم نەرمم بكەی، بەخیلم و ڕەزیلم چاوتێرم بكەی، قورئان بخوێنن شتتان پێ دەناسێنێ، كاری پێبكەن دەبنە ئەهلی قورئان، خۆتان بكێشن پێش ئەوەی بتانكێشن)[56].مەبەستی لە ڕۆژی قیامەتە.

هەروەها دەوترێت یەكەم وتەی ئەمە بووە: ((نموونەی عەرەبەكان هاوشێوەی وشتری سەركێشە و بەدوای ئەو كەسەدا دەڕوات كە ڕادەكێشێت، ئەوەی ڕایاندەكێشێت دەروانێت بزانێت بۆكوێیان ڕادەكێشێت، بەڵام سوێند بەخوای كەعبە، بۆڕێگەی ڕاستیان دەبەم))[57].

پاش چەند ڕۆژێكی تر خوتبەیەكەی تریدا و فەرمووی:(( پێم گەیشتووە خەڵك لە توورەییەكەی من تۆقیون و ترساون.. وتوویانە:عومەر لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەكردا توڕەو توند بووە بۆمان، ئەی چۆنە كە ئێستە هەر خۆیەتی و كار لەدەستی خۆیدایە[58]، ئەوەی وای وتووە ڕاستیكردووە.. من كاتێک لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بووم ،خزمەتكاری ئەو بووم، هیچ كەسێک لەنەرم و نیانی و بەزەیی ناگا بەئەو پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە بوو كە خوا فەرموویەتی:﴿بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾[59]**واتە:** (( بەرامبەر بە باوەڕداران زۆر بەڕەحم و سۆزو بەزەیی میهرەبانە))[60].

---

٥٦ _ كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا،نووسینی:حەسەن محمود حمە كەریم، ل:١٠٩.

٥٧_مێژووی تەبەری،ن:محمد بن جریر طبری،و: زانەر محمد،ل:١٥٢٣ بەرگی چوارەم.

٥٨ _ كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا،نووسینی:حەسەن محمود حمە كەریم، ل:١٠٩.

٥٩ _ القرآن الكريم، سورة (التوبة) ١٢٨.

٦٠_تەفسیری ڕێبەر.

منیش شمشێرێکی هەڵکێشراوبووم لەبەردەستیدا،جا یا دەیکردم بە کێلانا یا وازی لێ دەهێنام، بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەیە بووم تا کۆچی دوایی کردوو لەمن ڕازی بوو،زۆر سوپاسی خوا لەسەر ئەوە ئەکەم بەوە بەختیارم[61].

ئەبوبەکر نەرم و بەرێزو بەکەرەم بوو، منیش خزمەتکاری بووم، تووڕەییم تێکەڵ بە نەرمی ئەو کردبوو، ئێستە سەردەمی خۆمە و ئەو توندییەم نەما، بەڵام بۆ کەسی زۆردار هەر بەکاری دێنم، ئەگەر تەعدا و دەستدرێژی لە موسڵمانان بکات، بەڵام بۆ کەسە چاکەکان لەخۆیان نەرم تر دەبم)).

((ئیمامی عومەری ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت بەم ووتە جوان و سەنگینانەی توانی هەموو ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانە بڕەوێنێتەوە کە باس لە توندی و ڕەقی ئەو دەکرا،ئەو کاتێک توند بوو کە ئیمامی ئەبو بەکر نەرم بووایە، بەڵام ئەگەر ئەبوبەکر توڕەبوایە ئەو نەرم دەبوو، واتا توندی خۆی تێکەڵ بە نەرمی ئەو دەکرد هەروەکو چۆن نەرمی تێکەڵ بە توڕەیی ئەبوبەکر دەکرد..

ئیمامی عومەر لەسەردەمی خەلافەتی دا زۆر نەرم و نیان و دادپەروەر بوو، دادپەروەرییەکەی بە ئەندازەیەکبوو بەدەگمەن بەنی ئادەمێك هاوشێوەی ئەو دروست ئەبێتەوە..!)).

٦١ _ خەلیفەکانی ڕاشدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهیدبوندا،صلاح عبدالفتاح،و: فاتح سەنگاوی،ل:٨٠.

# سكاڵاكردنی پیاوێكی میسری

ڕۆژێكیان پیاوێكی مەسیحی قیبتی لە میسرەوە هاتە خزمەتی ئەمیری بڕواداران عومەری كوڕی خەتاب،لەوكاتەدا ئیمامی عومەر لەمزگەوت دانیشتبوو، پیاوەكە سكاڵای لە (موحەممەدی كوڕی عەمری كوڕی عاص) هەبوو و ووتی:ئەی ئەمیری باوەڕداران پەنات پێ دەگرم لە جەور و ستەم.

ئیمامی عومەریش فەرمووی: پەنات پێ گرت، ئادەی پێمبڵێ كەوا چی ڕویداوە..!؟؟

پیاوەكە ووتی: لە وڵاتەكەی خۆماندا لە ناوەڕاستی میسردا لە مەیدانی گەورەی شارەكەماندا پێشبڕكێی ئەسپسواری هەبوو، چالاكییەكە دەستی پێكرد، خەڵكێكی زۆر ئامادەی بینی پێشبڕكێیەكە بوو،ئەسپیەكەی من و ئەسپی كوڕەكەی عەمری كوڕی عاس پێشبڕكێكمان پێ دەكرد، ئەسپەكەی منیش لە پێشبڕكێكە پێشی ئەسپەكەی ئەوی دایەوە،چونكە ئەسپەكانمان لەیەك دەچوون كوڕەكەی عەمری كوڕی عاس ووتی: سوێند بەخوای كەعبە ئەسپەكەی من كەوتە پێشەوە.

منیش ووتم: نەخێر.. ئەسپەكەی منە كەوتووەتە پێش ئەسپەكەی تۆوە.

لەبەر ئەوە، ئەویش دەمارگیری گرتی و لێیدام بەقامچی و پێمی ووت: چۆن دەوێری بڵێی ئەوە ئەسپی منە كەوتووەتە پێش ئەسپەكەی كوڕی بەڕێزترین پیاوی میسر؟!

ئیمامی عومەر كە ئەم قسانەی لەو ستەم لێكراوە بیست،پێی فەرموو: دابنیشە تۆ براوەیت.

ئیمامی عومەر خێرا نامەیەكی بەپەلەی بۆ عەمری كوڕی عاس نووسی و تیایدا فەرمانی پێكرد كە بەخۆی و كوڕەكەیەوە بگاتە لای.

کاتێک عەمر گەیشت و هاتە پێشەوە، ئیمامی عومەر فەرمووی: کوا پیاوە میسرییەکە؟

کابرای میسری هاتە خزمەتی ئیمامی عومەر، خەلیفە عومەریش بە کابرای میسری فەرموو: ئەو قامچیە بگرە و بیوەشێنە، مافی خۆت وەربگرەوە، کابراش قامچی دەوەشاند و ئیمامی عومەر دەیفەرموو: لێی بدە، لەکوڕی بەڕێزترین پیاو بدە!

ئەنەس دەفەرمووێت: سوێند بەخوا ئەو لێیدەدا و ئێمەش لێدانەکەیمان پێ خۆشبوو،لێی نەگەڕا و دەستی لە لێدانەکەی هەڵنەگرت تاوەکو خوازیار بووین کە دەستی لێ هەڵبگرێت.

پاشان ئیمامی عومەر بە پیاوە میسریەکەی فەرموو: ئێستا لەسەر ڕوتانەوەی عەمر کار بکەو قامچیەکە لە عەمر بوەشێنە.

پیاوە میسریەکەش ووتی: ئەی ئەمیری بڕواداران! من لەوکەسەم دا کە لەمنی داوە، بۆیە پێویست ناکا لە باوکی بدەم.

دواتر ئیمامی عومەر ئەم وتە جوانەی بە عەمری کوڕی عاس[62] فەرموو:

(( ئەی عەمر ! ئەوە لەکەیەوە خەڵکیتان کردۆتە بەندە و کۆیلەی خۆتان لە کاتێکدا بە ئازادی لەدایک بوون؟))[63].

دواتر کە پیاوە میسریەکە گەڕایەوە بۆ میسر، ڕووداوەکەی لەناو خۆیاندا گێڕایەوە،بەو هۆیەوە زۆربەی مەسیحییەکانی ئەو هەرێمە سوودیان لە عەدالەتی ئیسلام وەرگرت و بوون بە موسڵمان، مەسیحییەکان ووتیان: دین و ئایینێک کە جیاوازی نێوان موسڵمان و مەسیحی بەلاوە نەبێ و دادپەروەری و

---

٦٢_ عەمری کوڕی عاس: فەرماندەیەکی عەرەب بوو کە سەرکردایەتی فەتحکردنی میسری موسڵمانانی دەکرد و لە ساڵانی (٦٤٠ـ٦٤٦) و (٦٥٨ـ٦٦٤) وەک حاکم کاری کردووە. عەمر کوڕی قوڕەیشییەکی دەوڵەمەند بوو، لە 629 ز

عەدالەت لەسەر هەموو کەس بێت، بەڕاستی ئەو ئاینە شایەنی ئەوەیە کە بەدڵ و بە گیان قەبووڵ بکرێ و سەری بۆ دابنەوێنرێت.

(ئەم چیرۆک و بەسەرهاتەش یەکێکبوو لە دادپەروەریەکانی عومەری فاروق).

«««««««»»»»»»»

بووە موسڵمان و لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ ڕۆڵی گرنگی لە کۆمەڵگەی موسڵمانی لەدایکبوودا پێسپێردرا. خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر ( ٦٣٢–٦٣٤) عەمری وەک فەرماندەی فەتحی سوریا دەستنیشان کرد. زۆربەی فەلەستینی فەتحکرد، کە بۆی کرا بە حاکم، موسڵمانانی بەرەو سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە بەسەر بیزەنتینییەکان برد لە شەڕەکانی عەجنەداین و یەرموک لە ساڵانی ٦٣٤ و ٦٣٦)ز، عەمر لە کۆتایی ساڵی ٦٣٩ ز، بە دەستپێشخەری خۆی فەتحی میسری کرد، لە زنجیرەیەک سەرکەوتندا شکستی بە بیزەنتینییەکان هێنا کە بە تەسلیمبوونی ئەسکەندەرییە لە ساڵی ٦٤١ یان ٦٤٢ کۆتایی هات، کە ئەوە خێراترین فەتحی سەرەتایی موسڵمانان بوو لەو سەردەمەدا.

٦٣_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:١١٦-١١٧.

## گریانی منداڵێکی شیرەخۆر

جارێکیان کاروانێکی بازرگانی هاتنە شاری مەدینەی منەوەر لەگۆڕەپانێکی نزیک مزگەوتدا وڵاخ و وشترەکانیان یەخ داو باریان لێخست، دواتر هاتنە مزگەوت نوێژیان دەکردو هەندێ پشوویان دا بۆئەوەی ماندوویەتی ڕێگەیان کەم بێتەوە،ئیمامی عومەر کە ئەوانی بینی بە عبدالرحمنی کوڕی عەوفی فەرموو: با ئەمشەو پاسەوانی ئەم کاروانە بازرگانیە بکەین و چاودێربین بەسەریانەوە، نەوەکو دز بێتە سەریان و زەفەریان پێ بەرێت.

عبدالرحمن ووتی : زۆر باشە ئەی ئەمیری بڕواداران، من ئامادەم بۆ ئەو کارە، ئەوەبوو ئەو شەوە ئیمامی عومەر و عبدالرحمنی کوڕی عەوف بۆ پاسەوانی کردن کاروانە بازرگانیەکە، لەگۆڕەپانەکە نزیکبوونەوە، لەناو کاروانەکە گوێیان لەدەنگ گریانی منداڵێکبوو کە هەر دەگریا و ژێر نابوویەوە..

ئیمامی عومەر لە دەنگەکە نزیک بوویەوەو چووە لایان،بینی منداڵێکە لە باوەشی دایکیدایە و دەرگری، بەدایکی منداڵەکەی فەرموو: لەخوا بترسە .. وریای مناڵداڵەکەت بە و ژێری بکەوە.

کەچی منداڵەکە هەر دەگریا و بێدەنگ نابوو!

ئیمامی عومەریش چەند جارێک ئەوەی بەدایکی مناڵەکەی دەگووتەوە کە پێشتر پێی وتووبوو تاوەکو منداڵەکە ئارام بکاتەوە، دواجار دایکی منداڵەکە هاتە جواب بەبێ ئەوەی ئیمامی عومەر بناسێت و بزانێت کە ئەو پیاوە ئیمامی عومەرە و ووتی:ئەی بەندەی خوا.. ئەمەوێت منداڵەکەم لەشیر ببڕمەوە، بۆیە بە خواردن منداڵەکەم سەرقاڵ ئەکەم، کەچی منداڵەکەم خواردنی ناوێت و هەر بۆ شیر دەگری..

ئیمامی عومەر فەرمووی: جا بۆچی ئەو كارە ئەكەی و لەشیری ئەبڕیتەوە؟ خۆ هێشتا كاتی ماوە!

دایكەكەش ووتی: بۆیە وادەكەم چونكە عومەر بەشە خۆراكی تەنها بۆ كەسانێک بڕیوەتەوە كە شیرەخۆر نەبێت، عومەر ئەوەی فەرزكردووە كە هەموو منداڵێكی لەشیر براوە خواردنی بدرێتی لە (بیت المال).

ئیمامی عومەریش فەرمووی: تەمەنی ئەم منداڵە چەندە ؟

دایكەكە ووتی:چەند مانگێكە.

ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەی ماڵوێران پەلە مەكە لە شیر برینەوەی[64].

ئیمامی عومەر كاتێک كە نوێژی بەیانی كرد لەبەرئەوەی كە بەكوڵ دەگریا، كەس لەقورئان خوێندنەكەی تێنەدەگەیشت، بۆیە فەرمووی: كڵۆڵی و داماوی بۆ عومەر..

چەندێ لە نەوەی موسڵمانانی كوشتووە!

پاشان ئیمامی عومەر فەرمانی دا بە جاڕچی كە جاڕ بدات و بڵێ:(( پەلە

لە منداڵەكانتان مەكەن بۆ لەشیر بڕینەوەیان، ئێمە سەرانە بۆ هەموو لە دایكبوویەك لە ئیسلامدا دەبڕینەوە)).

بەم شێوەیە نامەی نووسی بۆ وەخۆهاتنەوە، بەمەش هەموو كۆریەكان ناویان تۆماركرا و لە (بیت المالی) موسڵمانان سەرانەی بۆ بڕایەوە، لەبەرئەوەی بیتوالمال مافی هەموو موسڵمانێكە.

٦٤ _ زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺعومەری كوڕی خەتاب،ئامادەكردنی:خوبەیب كوردی، ل:٩١-٩٢.

## ئەوژنە حەقی پێکاو عومەر هەڵەی کرد

لەکاتی کچ بەشوودانددا خەڵکی فێربووبوون داوای مارەیی زۆریان ئەکرد، بۆیە ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر چووە سەر مینبەر ووتاری بۆ موسڵمانان ئەدا و دەیفەرموو: ئەی موسڵمانان..!؟

ئاگاداربن مارەیی زۆر داوا مەکەن، ئەگەر مارەیی زۆر ڕێز و حورمەت بووایە یان لەخواترسان بووایە، ئەوا پێغەمبەری خۆشەویستﷺ پێش هەموو کەس داوای مارەیی زۆری دەکرد بۆ کچەکانی و مارەیی زۆری دەدا بە خێزانەکانی، بۆیە مارەیی ئافرەتان لە (چل ئۆقیە)[65] زیاتر مەکەن، هەرکەس ئەمە زۆر بکات زیادەکەی دەخرێتە (بیت المال)ەوە.

پاشان لەکۆتایی وتارەکەدا، ئافرەتێك بە جورئەتەوە لەدژی ئەو بڕیارەی خەلیفە عومەر هەستایە سەرپێ و ووتی: ئەی عومەر.. ئەوە بۆتۆ نییە مارەیی ئافرەتان دیاری بکەی!!

ئیمامی عومەر فەرمووی: بۆچی؟

ئافرەتەکەش لەوەڵامدا ووتی: ئەی خوای گەورە نافەرموویێت: ﴿ وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾(النساء:٢٠) واتە:((خۆ ئەگەر ویستتان هاوسەرێک بخەنە جێگەی هاوسەرێکی ترو مارەییەکەی (ئاڵتون و سامانێکی) زۆرتان پێدا بوو، ئەوە نابێت هیچ شتێکی لێ بگێڕنەوە و لێی کەم بکەنەوە، ئایا ئەو مارەییەی کە پێتانداوە وەریدەگرنەوە لێیان بەدروست کردنی بوختانێکی ناڕەوا و گوناهو ستەمێکی ئاشکرا؟!))[66]، کەواتە تۆ چۆن لەسەرمانی حەرام ئەکەی؟

---

٦٥_ ئۆقیە: کێشانەیەکە بەرانبەر بە ٣١گرامە، هەر میسقاڵێک زێریش بەرانبەر بە(٤.٢٥)گرامە.

٦٦_تەفسیری ئاسان.

ئینجا ئیمامی عومەر فەرمووی:ئەو ژنە حەقی پێکاو عومەر هەڵەی کرد، خوای گەورە داوای لێ خۆشبوونت لێدەکەم، هەموو مرۆڤێک لە عومەر تێگەیشتوو ترە، پاشان پەشیمان بوویەوە لە بڕیارەکەی و هات و سەرکەوتە سەر مینبەر و فەرمووی: ((ئەی خەڵکینە .. من ڕێگریم لێ کردن لەوەی کە مارەیی ئافرەت زۆر بکەن، هەر کەس توانی لەماڵەکەی ئەو شتە بدات کە پێی باش و خۆشە ئەوا با ئەو کارە بکات[67].

«««««««»»»»»»»

٦٧_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل:١٣٢.

## پیرەژنێك عومەر دەخاتە گریان

شەوێک لەو شەوانەی کە ئیمامی عومەر لەگەڕان و پاسەوانی خەڵکەکەی خۆی بوو بە نهێنی، بینی لەناو کوخێکی بچووکدا کە دەکەوتە سەرەوەی شاری مەدینە، ڕوناکیەک بەدی دەکرا، بەلاوازیەوە ئەیویست تاریکاییەک بشکێنێت.

عومەری کوڕی خەتابیش لە کوخەکە نزیکبوویەوە، دەبینێت ژنێکی پیر بەجلێکی ڕەشەوە لەبەردەم دەرگاکەدا دانیشتووە ڕوناکی چراکە نەیتوانیوە تاریکی جلە ڕەشەکانی داپۆشێت.

ژنە بەتەمەنەکە بەوپەڕی خەم و پەژارەوە دەیگووت:

سڵاوی چاکە کاران لەسەر پێغەمبەر بێت

سڵاوی پیاو چاکانی لەسەر بێت

من شەو تاوەکو بەیانی بەخەبەرم

ئەی خۆزگە ئاواتەکەم وەدی بهاتبایە

بمتوانیایە لەگەڵ محمدی خۆشەویستمدا لەم ماڵەدا کۆببمەوە![68]

ئەم وشانە دڵی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابیان هێنایە لەرزەو کەوتەوە بیری ڕۆژانی ڕابردوو،هەربۆیە دەستیکردە گریان و فرمێسک دڵۆپ دڵۆپ وەکو نەرمە بارانە بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە.

ئیمامی عومەر خۆی پێ نەگیراو دای لەدەرگای ماڵەکە، خاوەن ماڵ ووتی:

ئەوە کێیە؟

---

٦٨_ ١٠٠ چیرۆک لەبارەی خۆشەویستی پێغەمبەرەوەﷺ، نووسینی: محمد صدیق مەنشاوی، وەرگێرانی:کەیهان مستەفائل:٧٣.

ئیمامی عومەریش بەدەم گریان و بەدڵێکی پڕەوە گووتی: عومەری کوڕی خەتتابم.

پیرە ژنەکەش ووتی:عومەری کوڕی خەتتابم بۆ چییە؟!باشە عومەر لەمکاتەی شەوەدا بۆچی هاتووە؟

عومەریش هەر بەدەمی گریانەوە ووتی: بیکەرەوە ڕەحمەتی خوت لێبێت زیانت پێ ناگەیەنم، ئەویش دەرگاکەی لێ کردەوەو خەلیفە چووە ژوورەوە.

خەلیفە عومەر ووتی:ئەو ووشانە دووبارە بکەرەوە کە ئێستە گوتت..!

ئەوەبوو پیرە ژنەکەیش ئەو شیعرەی کە سەبارەت بە پێغەمبەر ﷺ گووتی دووبارەی کردەوە.

عومەریش کە دڵ و دەروونی لە خۆشەویستی و شەوقیدا بۆ پێغەمبەر ﷺ دەسووتا و بەچاوەکانیدا فرمێسك دەهاتنە خوارەوەو گووتی: داوات لێ ئەکەم کە مۆڵەتم بدەن لەلاتان بمێنمەوە.

پیرە ژنە پەککەوتەکەیش کە بەناو باخچەی خۆشەویستی پێغەمبەردا سەرگەردان بوبوو گووتی:

خودایە لە عومەر خۆشبە.

پاشان عومەر هەستاو ڕۆیشت[69].

---

٦٩_ ١٠٠چیرۆک لەبارەی خۆشەویستی پێغەمبەرەوەﷺ، نووسینی: محمد صدیق مەنشاوی، وەرگێرانی:کەیهان مستەفا،ل:٧٤. // الزهد لابن المبارك لا ٢٦٢_٣٦٣. منتخب کنزالعمال ب ٤ لا ٣٨١.

## عومەر و بۆنی میسك

جارێكیان لە وڵاتی بەحرێنەوە "میسك و عەمبەر" بەدیاری بۆ ئیمامی عومەر هات، ئیمامی عومەر فەرمووی: خۆزگە ئافرەتێكی باشم دەست بكەوتایە و ئەم بۆن و بەرامە خۆشەی بۆم بكێشایە تاوەكو دابەشی بكردایە بەنێو موسڵماناندا..

لەم كاتەدا (عاتیكەی)خێزانی گوێی لێی بوو و گووتی: من زۆر باشم لە كێشانی بۆن، بێنە با من بۆتی بكێشم، وە ئەم كارە بەمن بسپێرە.

ئیمامی عومەریش فەرمووی: نەخێر..!

عاتیكەش بەسەر سوڕمانەوە ووتی: بۆ نا ؟؟

ئیمامی عومەر فەرمووی: من دەترسم وەریبگریت و بیدەی لە گەردەنت، مانای وایە ئەوكاتە من لە موسڵمانان زیاتر سوودی لێ دەبینم[70] و بەش و ماڵی موسڵمانانم بەر دەكەوێت..!

بۆیە ئیمامی عومەر ڕازی نەبوو عاتیكەی خێزانی ئەو كارە بكات چونكە لەوە دەترسا نەوەک خێزانی گەردنی بۆنخۆش بكات و لەخەڵكی زیاتریان بە بەربكەوێت.

---

٧٠_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری كوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل١٥٥.

## ئەگەر پێغەمبەر ﷺ
## ماچی نەکردیتایە ماچم ناکردی

ڕۆژێکیان ئەمیری باوەڕداران ئیمامی عومەر ڕەزای خوای لەسەر بێت، بەوپەڕی ملکەچی و فەرمانبەرداری بۆ خوای باڵادەست تەوافی دەوری بەیتی دەکرد، کاتێک گەیشتە شوێنی بەردە ڕەشەکە، خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ لەچاوەکانیدا پێش زمانی دەرکەوت و ئاشکرابوو و چووە لای بەردە ڕەشکەو ماچی کرد و فەرمووی:

((ئەی بەردە ڕەشەکە.. من دەزانم کەتۆ تەنها بەردێکیت، نە زیان دەبەخشیت و نە سوودو قازانجێکیش دەگەیەنیت، بەڵام ئەوەندە هەیە من بەچاوی خۆم پێغەمبەرم ﷺ بینیوە کە تۆی ماچکردووە،بۆیە ماچت دەکەم، ئەگەرنا ماچم ناکردی))[71].

((ئەم ڕەفتارەی ئیمامی عومەر بریتییە لە شوێنکەوتنی سوننەت و سووربوون لەسەری، هەتا خوای گەورە خۆشیانی بوێ بە سەرکەوتن و پشتیوانی لێکردنیان))[72].

«««««««»»»»»»»

٧١_ صحيح البخاري رقم الحديث (١٥٩٧).

٧٢_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە: ١٨٧.

## نوێژی تەراویح

لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی (٢)ی کۆچی پێغەمبەری خۆشەویستﷺ بۆ یەکەمجار نوێژی تەڕاویحی ئەنجامداوە بە کۆمەڵ لەگەڵ موسڵمانان.

نوێژی تەراویح تەنها لە مانگی ڕەمەزان ئەنجام دەدرێت، لەسەردەمی پێغەمبەری خودادا، لە شاری مەدینە پێغەمبەر ﷺ بەخۆی تەنیا سێ شەو لە مانگی ڕەمەزان نوێژی تەراویحی بە کۆمەڵی موسلمانان ئەنجامدا، لە شەوی یەکەم چەند کەسێک بوون شەوی دووەم زیاتر بوون شەوی سێیەم زۆر زیاتر بوون، بەڵام لە ڕۆژی چوارەمدا پێغەمبەر نەچوو بۆ نوێژ، چونکە مزگەوت پڕ پڕ ببوو لە موسڵمانان بۆیە پێغەمبەر لە ترسی ئەوەی نەوەک تەراویح ببێتە واجب چیتر تەراویحی بە کۆمەڵ ئەنجام نەدا، بەخەڵکی فەرموو کە لەماڵەوە تەراویح بکەن.

تا دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ نوێژی تەراویح هەر بەتەنیا لە ماڵەوە دەکران و لە مزگەوتیش بە کۆمەڵ ئەنجام نەدەدران[73]، بەڵام دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ یەکەم کەس پێشەوای موسلمانان ئیمامی عومەری کوری خەتاب لە ساڵی (١٤)ی کۆچی ، خەڵکی کۆکردەوە بۆ بەجێهێنانی نوێژی تەراویح[74].

ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر بینی هەرکەسێک لەلایەکی مزگەوت بەتەنیا یان کۆمەڵ کۆمەڵ لەگەڵ قورئانخوێنێکدا تەراویح بۆخۆیان دەکەن،لەو کاتەدا ئیمامی عومەر فەرمووی:ئەگەر هەموو ئەمانە کۆببنەوە لەسەریەک قورئان خوێن ئەوا جوانترە، پاشان لێبڕا و کۆیکردنەوە لەسەر دەستی

---

٧٣_صحيح البخاري رقم الحديث: (٢٠١٢).

٧٤_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابی،وەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە: ١٩٣.

(ئوبەی کوڕی کەعب). پاشان ئیمامی عومەر فەرمووی: باشترین داهێنان ئەمەیە، ئەوەی کە لەسەری دەنون باشترە لەوەی کە لەسەری هەڵدەستن -واتە کۆتایی شەوگار- چونکە خەڵکی لەسەرەتای شەودا هەڵدەستان بۆ نوێژ[75].

پاشان ئیمامی عومەر فرمانی دەرکرد کە موسلمانان بەیەکەوە بە کۆمەڵ لەگەڵ یەك قورئانخوێن تەراویح بکەن، هەروەها نامەی بۆ سەرجەم ئیمارەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی نارد کە نوێژی تەراویح بە کۆمەڵ لە مزگەوتەکانئەنجام بدەن.

««««««««»»»»»»»»

٧٥_ صحيح البخاري رقم الحديث: (٢٠١٠).

## دانانی ساڵنامەی کۆچی

دانانی ساڵنامەی کۆچی بیرۆکەی ئیمامی عومەر بوو ڕەزای خوای گەورەی لەسەر بێت، ساڵ (١٦)ی، کۆچی بوو، ڕۆژێکیان پیاوێک سکاڵای لە پیاوێکی تر هەبوو و هاتە خزمەتی ئەمیری بڕواداران عومەری کوڕی خەتاب،پیاوەکە ووتی: قەرزم لەلای فلأنە کەسە، کاتی دانەوەی قەرزەکەم هاتووەو نامداتەوە..

کابرا نوسراوێکیشی بەدەستەوە بوو لەسەر نووسراوەکە بەمشێوەیە نووسرابوو: " دەبێ لەمانگی شەعبان قەرزەکە یدرێتەوە ".

ئیمامی عومەریش پرسی کام شەعبانە؟ شەعبانی ئێستا یان شەعبانی پار یان شەعبانی ساڵی داهاتوو؟

ئیتر لەوەوە ئیمامی عومەر بیرۆکەی دانانی ساڵنامەی بە بیر و هزریدا هات، بۆیە ئیمامی عومەر چەند کەسێکی بۆ ڕاوێژ پێ کردن سەبارەت بەو بابەتە کۆکردەوە و فەرمووی: شتێک بۆ ئەو خەڵکە دیاری بکەن تاوەکو ساڵەکان بناسنەوە.

ئیتر ئەوەبوو دەستەیەك ووتیان: با مێژوو لەسەر شێوەو ساڵی ڕۆمییەکان بنووسنەوە، دەستەیەک وتیان: بەڵام ئەوان لەڕۆژگاری زولقەرنەینەوە مێژوو دەنووسنەوەو ئەمە مێژوویەکی دوور و درێژە، دەستەیەکی دیکەیان ووتیان: با سەرەتای مێژووی فارسەکان بکەینە مێژووی خۆمان.

لەبەرانبەردا وترا: کاتێك لەناو فارسەکان پاشایەك دەگۆڕدرێت، ماوەی پاشایەتی پاشایی پێشوو پشتگوێ دەخەن.

دەستەیەکی دیکە ووتیان: با سەرەتای هەڵبژاردنی پێغەمبەر ﷺ وەکو پێغەمبەرێک وەک مێژوو دیاری بکەین،

کۆمەڵەیەکی دیکەش ووتیان: با لەکاتی مردنیەوە دەست پێ بکەین..

دەستەیەکی دیکە ووتیان: کۆچی پێغەمبەر ﷺ بکە بە دەستپێکی مێژوو، ئیمامی عومەر  فەرمووی: دەستپێکی کۆچی پێغەمبەر ﷺ لە مەککەوە بۆ مەدینە ئەکەینە دەستپێکی مێژوو، چونکە کۆچکردنەکەی پێغەمبەر ﷺ جیاوازی نێوان ڕاستی و چەوتی بوو[76].

ئیتر بەو شێوەیەو لەو کاتەوە کار بە ساڵنامەی کۆچی کرا.

«««««««»»»»»»»

٧٦_ مێژووی تەبەری،نووسینی:محمد بن جریر طبری،وەرگێڕانی: زانەر محمد، ل:٩٢٥-٩٢٦بەرگی٣

## ناڵەی ئافرەتێکی دووگیان

شەوێک لە شەوەکان ئیمامی عومەر بە کۆڵانەکانی مەدینەدا دەگەڕا تا بزانێت دەنگ و باسی خەڵکی چییە و چۆنە.

ئیمامی عومەر تەماشای کرد دەنگی هاوار و ناڵەی ژنێک لە چادرێکەوە دێت، کە تا دوێنێ ئەو چادرە لەو شوێنە نەبوو!

خەلیفە عومەر لەشوێنەکە نزیک دەبێتەوەو دەبینێت پیاوێک بەپێوە وەستاوە، سڵاو لەپیاوەکە دەکات و پاشان پێی دەفەرمووێت: تۆ کێیت؟

پیاوەکەیش ووتی: من خەڵکی ئەم دەشت و دەرەم، هاتووم بۆلای خەلیفە بەڵکو شتێکم پێبدات.

ئیمامی عومەر فەرمووی ئەی ئەو دەنگە چییە لەم چادرەوە دێتە دەرێ و دەیبیستم؟[77]

کابرای دەشتەکی ووتی: بڕۆ کاکە خەریکی کاری خۆتبە.

ئیمامی عومەر فەرمووی: باشە باش.. بەڵام ئەو دەنگ و ناڵەیە چییە؟

کابرای دەشتەکی ووتی: ئەوە ژنێکە ژانی منداڵبوون دەیگرێت.

خەلیفە عومەر فەرمووی: ئەی کەسی لایە؟

کابرا ووتی: نەخێر، هیچ کەسێکی لەلا نییە.

ئیمامی عومەر خێرا ڕۆیشتووە بۆماڵی خۆیان، لەو کاتەدا ئوم کەلثومی خێزانی بەخەبەر بوو، پێی فەرموو: خێرێک هەیە، بۆنایەی لەڕێی خوا بیکەی؟

---

٧٧_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابیوەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە: ٢٠٦.

ئوم کەلثوم ووتی: چییە؟

ئیمامی عومەریش فەرمووی: ئافرەتێکی ئاوارە و دەربەدەر ژان دەیگرێ کەسی لەلا نییە!

ئوم کەلثومی خێزانی ووتی: دەی باشە، ئەگەر تۆ بتەوێت و حەزبکەی دێم.

ئیمامی عومەر فەرمووی: دەی بزانە چیت پێویستە لەپەڕۆ، ڕۆن، دانەوێڵە لەگەڵ خۆتدا بیهێنە کە شیاون بۆ ژن لەکاتی منداڵبوونیدا[78].

ئوم کەلثومی خێزانی هەموو پێداویستیەکانی ئامادەکرد،ئیمامی عومەر پێداویستیەکانی هەڵگرت و پێکەوە بەپەلە بەرەو لای ئافرەتە دووگیانەکە بە ڕێکەوتن.

کاتێک گەیشتنە شوێنەکە، ئیمامی عومەر بە ئوم کەلثومی خێزانی فەرموو:بڕۆ ژوورەوە !

ئیمامی عومەر خۆشی هاتە لای پیاوەکە دانیشت و پێی فەرموو: ئاگرێکم بۆ بکەرەوە، پیاوەکەیش ئاگری بۆ کردەوە، ئیمامی عومەر مەنجەڵێکی هێنابوو خستیە سەر سێکوچکەیەک و فووی لە ئاگری ژێر سێکوچکەکە دەکرد تا ئاگرەکە خۆش بوو،هەتاوەکو خواردنەکەی پێگەیی دەنگی گیرانی منداڵ هاتە دەر!

ئوم کەلثوم ووتی: ئەی ئەمیری بڕواداران،مزگێنی بدە بەوپیاوە،کوڕێکیان بوو.

هەر کە پیاوە دەشتەکیەکە گوێی لە زاراوەی (ئەمیری بڕواداران) بوو،یەکسەر لەترسا ڕاچەڵەکی و لە ئیمامی عومەر دورکەوتەوە..

ئیمامی عومەریش فەرمووی: مەجوڵێ برا مەجوڵێ، لەشوێنی خۆتبە.

---

٧٨_ هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

پاشان ئیمامی عومەر خواردنەکەی هەڵگرت لەبەر دەرگای چادرەکەی دانا.

ئەمیری بڕواداران بە ئوم کەلثومی خێزانی فەرموو:ئەو ژنە تێر بکە،داماوە ئەم شەو زۆر ئازاری هەبوەو ماندووە.

ئوم کەلثوم ئافرەتەکە تێر کرد، پاشان مەنجەڵەکەی خستەوە ئەمدیو دەرگا، ئیمامی عومەر هەستا مەنجەڵەکەی لێ وەرگرت و هێنای لەبەردەم پیاوەکەی دانا، پاشان بە پیاوەکەی فەرموو: فەرموو بخۆ.. ئەمشەو ماندوو بوویت و هەر بەخەبەر بووی.

دواتر ئیمامی عومەر چووە بەردەم چادرەکە و بە ئوم کەلثومی خێزانی فەرموو: وەرە دەرەوە

با بڕۆین.

لەکۆتاییدا ئیمامی عومەر لەکاتی خوا حافیزیدا بە پیاوەکەی فەرموو: بەیانی وەرە بۆلام چیت پێویستە با بتدەمێ.

کاتێک ڕۆژ بوویەوە پیاوەکە هاتە لای ئیمامی عومەر، ئیمامی عومەریش ئەوەی کە بۆ منداڵان هەبوو فەرزی کرد و پێی بەخشی[79].

٧٩_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابیوەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە:٢٠٧// البداية و النهاية (١٤٠/٧).

## خۆ خوای عومەر ئاگای لێمانە

شەوێکی دی هەروەکو هەموو شەوان دیکە ئیمامی عومەر بەمەبەستی ئاگاداربوون و پاسەوانیکردن لە خەڵکەکەی لەگەڵ ئەسلەمدا بەناو کۆڵانەکانی مەدینەدا دەگەڕا..

ئیمامی عومەر خۆی دایە لای دیوارێک لە قوڵایی شەودا، گوێی لە گفتوگۆی دوو ئافرەت بوو، بە گفتووگۆکەیاندا زانی کە ئەو دوو ئافرەتە کچ و دایکن.

گوێی لێبوو کە دایکەکە بە کچەکەی دەووت: هەستە ئاو بکەرە ناو شیرەکەوە، بۆئەوەی شیرەکە زیاد بکات و ئاوەکەیش بەنرخی شیر بفرۆشینەوە.

ئیمامی عومەریش ڕاوەستا تاوەکو بزانێت گفتوگۆکەیان تاوەکو کوێ دەڕوات و لەئەنجامدا چی دەکەن و چی ڕوودەدات ؟!

کچەکە بەدایکی ووت: من کاری وا ناکەم.. پاشان ووتی: عومەر گەورەی ئیمانداران گوتوویەتی و بڕیاری داوە کە کەس شیرو ئاو تێکەڵ نەکا بۆ فرۆشتن..! دایکەکەش دەیووست کچەکەی ڕازی بکات، بۆیە بە کچەکەی ووت: دەی خۆ عومەر نامانبینێ و ئاگای لێمان نییە.

کچەکەیش ووتی: دەی خۆ خوای عومەر ئاگای لێمانە و دەیانبینێت !

ئیمامی عومەر هەموو جارێک لەو شەوانەی ئەگەر بیویستایە ماڵێک بەڕۆژ بدۆزێتەوە، ئەوا ماڵەکەی بە نیشانەیەک دیاری دەکرد تاوەکو لەڕۆژدا بەئاسانی بیدۆزێتەوە، بۆیە ئیمامی عومەر کە گوێی لەم قسانە بوو بە ئەسلەمی فەرموو:ئەی ئەسلەم.. دەرگای ئەم ماڵە دیاری بکەو شوێنەکە بناسە، پاشان ڕۆیشت بەدەم پاسەوانییەکەیەوە[80].

---

٨٠_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابیوەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە:٢٠٧.

ئیمامی عومەر بەلایەوە گرنگ بوو کە ئەو کچە بکاتە بووکی خۆی و بۆ یەکێک لە کوڕەکانی بخوازێت، بۆیە ئیمامی عومەر کاتێک ڕۆژ بوویەوە بە ئەسلەمی فەرموو: ئەی ئەسلەم، بچۆرە ئەو شوێنەی کە دوێنێ داوام لێتکرد دیاری بکەی، بزانە ئەو کەسانە کێ بوون و ئایا ئەوان مەرو ماڵاتیان هەیە و ژیان و گوزەرانییان چۆنە؟ئەسلەمیش چوو بینی کە کەچەکە کچێکی ڕەبەندەو مەروماڵاتیان نییە، دایکیشی ئافرەتێکی بێوەژنە و مێردی نییە، ئەسلەمیش کە گەڕایەوە دۆخەکەیانی بە ئیمامی عومەر گەیاند.

ئیمامی عومەریش کوڕەکانی بانگکرد و کۆیکردنەوە پێی فەرموون: ئایا کەس لەئێوە هەیەپێویستی بە هاوسەر هەبێت و من بۆی پەیدا بکەم؟

عبدالله فەرمووی : من هاوسەرم هەیە.

عبدالرحمن بەهەمان شێوە فەرمووی: هاوسەرم هەیە.

بەڵام عاصم کوڕی فەرمووی: من خێزانم نییە و لەمنی مارە بکە.

ئیمامی عومەر ڕۆیشت بۆلای کچەکەو مارەی کرد لە عاصمی کوڕی، پاش ماوەیەک خوای گەورە کچێکی بە عاصم و خێزانەکەی بەخشی، ئەو کچەش گەورە بوو و بووە دایک و کوڕێکی بوو، ئەو کوڕەش عومەری کوڕی عبدالعزیز بوو[81]. بەم شێوەیە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز[82]، نەسەبی دەگەڕێتەوە سەر ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب.

---

٨١_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابیوەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە:٢٠٧. // منقب أمير المؤمنين لإبن الجوزي (ص:٨٩,٩٠).

٨٢_عومەری کوڕی عەبدول عەزیز کوڕی مەروانی کوڕی حەکەم کوڕی دەبوو عاس کوڕی ئومەییە، هەشتەم خەلیفەی ئەمەوییەکان، و پێنجەم خەلیفەی ڕاشدینە بەپێی تێڕوانینی سوننە. ونەژادی لە دایکییەوە دەچێتەوە سەر عومەری کوڕی خەتاب کە دایکی لەیلای کچی عاسم کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب بووە، بەمەش خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب دەبێتە باپیرەی عومەری کوڕی عەبدول عەزیز، لە دایک بووە لە مەدینە، وزانست وئوسوڵی ئایینی خوێندوە لەسەر دەستی ساڵح کوڕی کیسان لە مەدینە وزۆر سوودی وەرگرتووە لە زانایانی، پاشان مامی خەلیفە عەبدول مەلیکی کوڕی مەڕوان بانگی دەکات بۆ دیمەشق پایتەختی دەوڵەتی ئەمەوی وفاتمەی کچی کردە هاوسەری وە کردی بە میر لەسەر ئیمارەیەکی بچووک لە نزیک حەلەب کە ناوی (دەیر سەمعان) بوو وبە والی ئەوێ مایەوە تا ساڵی ٨٦ کۆچی.

## سۆزی ئافرەتێک

## لەدووری مێردەکەیدا

شەوێکیان ئیمامی عومەر چووە دەرەوەو لەناو شاری مەدینەدا وەکو پاسەوان و چاودێر دەگەڕا، تاوەکو ئاگاداری ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی بێت، لەو کاتەدا گوێی لەدەنگی ئافرەتێک بوو کە بەدەم سۆزەوە دەیووت:

دۆستم لام نییە کەمێک ڕابوێرین
شەوگار درێژە، چاوم پڕ ئەسرین
بەخوا ئەگەر خوا چاودێرم نەبا
نوێن و بانەکەم هەموو هەڵفڕین
ترسی خواو ڕێزی مێرد و شکۆی خۆم
بوونەتە لەمپەر بۆ منی بەدین

پاشان ئیمامی عومەر کە گوێی لەم قسانە بوو ڕۆیشت و دای لەدەرگای ماڵی حەفصەی کچی، خاتوو حەفصەی کچی فەرمووی: ئەی ئەمیری بڕواداران چی تۆی لەم کاتەدا هێناوە؟

ئیمامی عومەریش پرسیاری لە حەفصەی کچی کرد و فەرمووی: ڕۆڵە ژنان تا چەند تەحەمولی دوری مێردەکانیان ئەکەن؟

خاتوو حەفصەی کچی فەرمووی: مانگێک و دوو مانگ و سێ مانگ و لەمانگی چوارەمدا ئارامی لێ دەبڕێت[83].

بەو هۆیەوە ئیمامی عومەر فەرمانی دەرکرد و نامەی بۆ هەموو سەرکردەکانی سووپا نووسی و تێیدا ڕایگەیاند کەوا لە چوار مانگ زیاتر سەربازان نەهێڵنەوە لەبەرەکانی جەنگدا.

ئیمامی عومەر جل و بەرگ و خەرجی بۆ ئافرەتەکە نارد و پاشان نامەیەکی بۆ نووسی تاوەکو هاوسەرەکەی بێتەوە بۆلای.

«««««««»»»»»»»

---

*ئەمە دەقی شیعرەکەیە بە عەرەبی:

" تطاول هذا البلد واسود جانبيه وأرقني أن لا حبيب ألاعبه

فوالله لولا الله أنى أراقبه لحرك هذا السرير جوانبه

مخافة الله و الخيال يصدنى وإكرام يعلى أن تنال مراتبه ".

٨٣_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. على محمد الصلابيوەرگێڕانی:عفان شێخ صديق سەرگەتی، لاپەڕە:٢٠٢.

## ئەو ئافرەتەی

## بەردی بۆ منداڵەكانی دەكوڵاند

شەوێکیان ئیمامی عومەر و ئەسلەمی خزمەتکاری چوون بۆ ناوچەیەک بەناوی "ناوچەی واقم"نزیکی سێ میل لە مەدینە دور کەوتنەوە، لەدوورەوە ئاگرێکیان بەدی کرد، ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەی ئەسلەم.. من لێرەدا چەند رێبوارێک ئەبینم کە شەویان بەسەردا هاتووە و سەرما تەنگی پێ هەڵچنیوون، خێرا با بڕۆین بزانین چییە؟[84]

بەخێرایی ڕۆشتن بەرەو لای ئاگرەکە، لە ئاگرەکە نزیک بوونەوە، تەماشایان کرد ئافرەتێکە و بڕێ منداڵی وردی لایە، لەپاڵ ئاگرەکە دانیشتبوون و منداڵەکانی لەبرسا دەگریان.

ئیمامی عومەر فەرمووی: سڵاوی خواتان لێ بێت ئەی خاوەن ڕۆناکییەکە.

ئافرەتەکەش وەڵامی دایەوەو ووتی: علیکم السلام.

ئیمامی عومەر فەرمووی: ئیزن هەیە دابنیشم؟

ئافرەتەکە ووتی: دانیشە لەسەر خێر، فەرموو.

ئیمامی عومەر لایان دانیشت، نزیک بوویەوەو فەرمووی: پوری گیان ئەوە چییە و چیتانە؟

ئافرەتەکە ووتی: شەومان بەسەردا هات و لێرە لەماندا، ئێستاش سەرما و تاریکی شەو تەنگی پێ هەڵچنیوین.

ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەی ئەم منداڵانە بۆ وا دەگرین ؟

---

٨٤_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابیوەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە:٢٠٥.

ئافرەتەکە ووتی: برسییانە.

ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەی ئەم مەنجەڵە چی تیایە وا لەسەر ئاگرت داناوە؟

ئافرەتەکەیش ووتی: ئاو و بەرد..! دەیانخەڵەتێنم بۆئەوەی خەویان لێ بکەوێ،خوا لەنێوان من و عومەردا بێ!

ئیمامی عومەریش فەرمووی: خوا ڕەحمت پێ بکا، دەی عومەر چوزانێ ئێوە چیتانە؟

ئافرەتەکە ووتی: ئەو کاروباری ئێمەی گرتووەتە دەست و لێمان بێ ئاگایە، ئەی چۆن دەبێتە سەرۆکمان و ناشزانێ چیمان بەسەر دێ ؟

ئیمامی عومەر کە گوێبیستی قسەکانی ئافرەتەکە بوو خێرا بە ئەسلەمی فەرموو: یەڵلا با بڕۆین..!

ئیمامی عومەر و ئەسلەمی خزمەتکاری بەپەلە ڕۆیشتن هەتا گەیشتنەوە عەمباری ئاردەکە، ئیمامی عومەر قاپێ ڕۆن و تورەکەیەک ئاردی هێنا و بە ئەسلەمی فەرموو: بیدە بەکۆڵما !

ئەسلەمیش ووتی: بێنە قوربان من بۆتی هەڵدەگرم..

ئیمامی عومەر بە ئەسلەمی فەرموو: ئەی لە ڕۆژی قیامەتیشدا گوناهەکانم هەڵدەگری؟ دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات، دەی خێرا بیدە بە کۆڵمدا و با بۆیان بەرین!

ئەسلەمیش بارەکەی دا بەکۆڵی ئەمیری بڕواداران و بەپەلە بەڕێکەوتن بۆلای ئافرەتەکە.

ئیمامی عومەر و ئەسلەم گەیشتنە لای ئافرەتەکە و منداڵەکانی، ئیمامی عومەر بە ئافرەتەکەی فەرموو: من کەوچکی ڕا دەدەم بەناو مەنجەڵەکدا و تۆش ئارد، ژنەکە ئاردی دەکردە مەنجەڵەکەو ئیمامی عومەریش کەوچکی تێ وەردەدا..

ئیمامی عومەر هێندە فووی لە ئاگرەکە دەکرد دووکەڵ لەژێر ڕیشەکانیەوە دەهاتە دەرەوە[85].

خەلیفە عومەر بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا مەنجەڵێ ئاردەوای بۆ دروستکردن، پاشان مەنجەڵەکەی داگرت قاپێکی پڕکرد و بەژنەکەی فەرموو: دەی من ساردی ئەکەمەوەو تۆش بیکە بەدەم منداڵەکانتەوە، دایکەکە ئاردەواکەی دەرکرد بەدەم منداڵەکانییەوە تا هەموویان تێر بوون.

دواتر ژنەکە ووتی: بەخوا خەلافەت و ئەمیرایەتی شایەنی تۆیە نەک عومەری کوڕی خەتتاب! ئیمامی عومەریش پێی فەرموو: بەیانی بڕۆ بۆلای عومەر، إن شاء الله منیش لەوێ دەبینیتەوە، خۆم قسەی لەگەڵدا ئەکەم و باسی تۆی بۆ دەکەم.

ئینجا ئیمامی عومەر و ئەسلەمی خزمەتکاری لێیان دورکەوتنەوەو چوونە شوێنێک ئەوان ئیمامی عومەر و ئەسلەمیان نەدەبینی بەڵام ئەمان ئەوانیان ئەبینی، ئەسلەم ووتی: گەورەم بابڕۆین، زۆر باردە.

ئیمامی عومەر فەرمووی: نابێ! هەتا بەچاوی خۆم نەیانبینم پێبکەنن جێیان ناهێڵم، من بەدەم گریانەوە ئەوانم بینی، دەبێ بەدەم پێکەنینەوەش جێیان بهێڵن. منداڵەکان تێریان خوارد و دڵخۆش بوون،ئینجا خەویان لێکەوت و خەلیفە عومەر و ئەسلەمیش ڕۆیشتنەوە.

بۆ بەیانییەکەی ئافرەتەکە هاتە خزمەتی ئەمیری بڕواداران عومەری کوڕی خەتاب، ئیمامی عومەری بینی و ناسییەوە بەڵام نەیزانی ئەو خەلیفە عومەرە، تەنها ئەوەندەی ئەزانی کە ئەم دوێنێ شەو هاوکارییانی کردووە، لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هاتنە ژوورەوە و ووتیان: سڵاوی خوا لە گەورەی ئیمانداران !

---

٨٥_ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئینجا ئافرەتەکە بۆی دەرکەوت کە ئەمە ئیمامی عومەرە،عومەر ئەمیری بڕواداران..!

بۆیە ئافرەتەکە چۆکی دادا و هەردوو دەستی خستە سەر سەری و ووتی: ئەی باوکەڕۆ لەبەردەم گەورەی ئیمانداران قسەی ناشرینم کردا!

ئیمامی عومەر فەرمووی: قەیناکە خوشکی خۆم هیچ نییە،تۆ لەسەر حەق بوویت، تۆم تەنها بۆئەوە بانگکردووە تاوەکو ئەو یانەی لێتم کردووە پێمی بفرۆشیتەوە، ئادەی ئەو ستەمەی کە لەتۆم کردووە، بەچەند پێمی دەفرۆشیتەوە؟

ئافرەتەکە ووتی: ستەمی چی؟ تۆ هەر کە زانیت موحتاجم نە ڕۆیشتی تاوەکو موحتاجیمانت دەرکرد، چاوت لە منداڵەکانم بوو کە چۆن دەگریان و نەڕۆیشتی تاوەکو هەموویانت تێر کرد.

ئیمامی عومەر فەرمووی: شتی وا نابێت، هەتا لێت نەکڕمەوە واز ناهێنم.

داوای پارچە کاغەزێکی کرد و لەسەر کاغەزەکەی نووسی: بەناوی خودای گەورەی میهرەبان، ئەمە ئەو کڕینەیە کە عومەر ستەمەکەی لە فلاَن ژن کڕییەوە بە بیست و پێنج دیناری زێڕ، لە قیامەتدا هەر داوایەکی لەسەر عومەر تۆمارکرد ئەوە عومەر بەرییە، عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عەبدوڵلای کوڕی مەسعودیش شایەتن.

پاشان خەلیفە عومەر نووسراوەکەی دایە عەبدوڵلای کوڕی و پێی فەرموو:ڕۆڵە.. هەرکات کە مردم ئەم نامەیە بخەنە ناو کفنەکەمەوە، ئەو کاتەی دەگەم بەخوا با پێم بێت کەوا من ئەو ستەمەم لەم ئافرەتە کڕیوەتەوە، تاوەکو لەقیامەتدا هیچم لەسەر نەبێ.

# ئیمامی عومەرو

# پیاوێکی سەرخۆش

شەوێک لە شەوەکان هەروەکو هەموو شەوانی پێشووتر خەلیفە عومەر ڕەزای خوای گەورەی لەسەر بێت، بۆ پاسەوانی و چاودێریکردنی شار و ئاگاداربوون لە خەڵکەکەی سەرقاڵی شەوگەڕانی خۆی بوو، ئەو شەوە ئیمامی عومەر (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی)[86] لەگەڵدا بوو.

ئیمامی عومەر چاوی بە تیشکێک کەوت، بە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودی فەرموو: تۆ هەر لێرە بە! با بزانم ئەو تیشک و ڕووناکییە چییەو دێمەوە..!

ئیمامی عومەر بەدوای ئەو ڕۆشناییەدا بەڕێکەوت کە بەدی کردبوو، نزیکی ڕۆشنایەکە کەوت تاوەکو ڕێی کەوتە حەوشەی ماڵێک، تەماشای کرد پیاوێک لەماڵ دانیشتووە، جامێ عارەقی لەبەردەمدایە، کچێکیش گۆرانیی بۆ دەڵێ و سەمای بۆ دەکات!

ئیمامی عومەر کە ئەم دیمەنەی بینی وا پیرە پیاوێک خەریکی ئەم کارەیە لەداخا ئاگای لەخۆی نەما و بەسەرماڵیانی داو هێرشی بردە سەر پیاوەکە، ئیمامی عومەرلە توڕەییدا پێی فەرموو: هیچ کاتێک وەک ئەمشەوە خراپم نەدیوە، پیرە پیاوێک بەدیار مەرگی خۆیەوە دانیشتووە !

پیاوەکە سەری بەرزکردەوەو ووتی: با گەورەی ئیمانداران ! ئەو کارەی تۆ کردت لە کارەکەی من خراپترە !

ئیمامی عومەر فەرمووی: من چیم کردووە ؟!

---

٨٦_ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود:یەکێک بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر محەممەد کە بە گەورەترین موفەسیری قورئان لە سەردەمی خۆی و بە دووەم موفەسیری تا ئێستا دادەنرێت.

پیاوەکە هاتە گۆ و ووتی: یەکەم:- تۆ جاسوسیت کردووە، خوای گەورە جاسوسی لە بەندەکانی قەدەغە کردووە! ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموویت:

((وَلَا تَجَسَّسُوا))[87]. واتە:((بەشوێن کەمو کووڕیی و عەیب و عاری یەکتردا مەگەڕێن و سیخوڕی مەکەن و لەپاش ملەباسی یەکتری بەخراپ مەبەن))[88].

دووەم:- تۆ بێ مۆڵەت هاتیتە ژوورەوە، بۆ ئەمەش خوا دەفەرموویت: (( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَىٰ أَهْلِهَا))[89]، واتە: (( ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگاداربن (وەکو زەنگ لێدان یان لە دەرگادان) پاشان کە مۆڵەتدران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە ))[90].

ئیمامی عومەر کە گوێبیستی قسەکانی ئەو کابرایە بوو زۆر پەشیمان بوویەوەو فەرمووی : وەڵلاهی تۆ ڕاست دەکەی.

ئیمامی عومەر بە پیاوەکەی فەرموو: ئەوا من ددان بە هەڵە و تاوانەکەی خۆمدا دادەنێم، تۆش ددان بەهەڵەو تاوانەکەتدا بنێ،بەڵام من بێدەنگ ئەبم لەئاست تۆ، تۆش بێدەنگ بە لەئاست من واتە(من عەیبەکەت ئەشارمەوە، تۆش عەیبەکەی من بشارەوە). هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن و ئیمامی عومەر ئەوێی بەجێهێشت و ڕۆیشت.

ماوەیەک ئەو پیاوە لەشەرماندا نەدەچووە کۆڕ و کۆمەڵی ئیمامی عومەرەوە، بەڵام لەدوای ماوەیەکی زۆردا ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر ئاگای لێبوو کە کابرا

---

٨٧_ قورئانی پیرۆز، سورەتی (الحجرات) ئایەتی: ١٢.

٨٨_ تەفسیری ئاسان.

٨٩_ قورئانی پیرۆز، سورەتی( النور) ئایەتی: ٢٧.

٩٠_ تەفسیری ئاسان.

بەدزییەوە هاتە مزگەوت و لە دوای دواوە دانیشت!

ئیمامی عومەریش داوای لە یەکێک کرد و فەرمووی: ئەو پیاوەم بۆ بانگ بکەن.

بە پیاوەکەیان ووت: هەستە ئەمیری بڕواداران تۆ بانگت دەکات..!

کابرا زۆر ترسا و ڕەنگی تێکچوو، وایزانی ئیمامی عومەر حەیا و ئابڕوی دەبات لەناو خەڵکیدا.

کابرا هاتە خزمەتی ئیمامی عومەر،خەلیفە پێی فەرموو: لێم نزیک بەوە.

کابرا لێی نزیکبوویەوەو پێی فەرموو: ئادەی گوێت بێنە قسەیەکت بۆ بکەم !

کابرا گوێی نزیک کردەوە، ئیمامی عومەر فەرمووی: بەو خوایەی کە موحەممەدی کردووە بە پێغەمبەر ﷺ، باسی ئەو شەوەم لەلای هیچ کەس نەدرکاندووە، تەنانەت لەلای عەبدوڵای کوڕی مەسعودیش باسم نەکردووە کە ئەو شەوە لەگەڵمدا بوو !

ئینجا پیاوەکەیش بە ئیمامی عومەری فەرموو: ئادەی قوربان تۆیش گوێت بێنە!

پیاوەکە لەبن گوێچکەی ئیمامی عومەردا ووتی: دەی بەو کەسەی موحەممەدی کردووە بە پێغەمبەر، منیش هەتا ئەم دەقەیە بەلای ئەو کارەدا نەچوومەتەوە.

ئیمامی عومەر کە گوێی لەم قسانە بوو، لەخۆشیاندا بە بەرزی فەرمووی:

الله اکبر، الله اکبر..

خەڵکیش نەیاندەزانی کە ئیمامی عومەر بۆچی وا دەکات، ئەم باسە کەس نەیزانی تاوەکو لەدوای وەفاتی ئیمامی عومەردا کابرا خۆی گێڕا بوویەوە.

# جگە لەو پارچە جلە

## جلێکی دیکەم نییە لەبەری بکەم

ئیمامی عومەر ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت، لەهیچ قۆناغ و پلەیەکی ژیانیدا خۆی لە موسڵمانان بەگەورەتر و بەزیاتر نەزانیوە.

هەمیشە بەبێ جیاوازی ژیاوە بۆیە ئەوەندە ئەمیرێکی عادل و دادپەروەر بووە،بێجگە لە خۆراک و خەرجی سەفەری حەج لە لیباسی ساڵانەدا لە (بيت_المال)دا، تەنیا مافی دوو پارچە پۆشاکی بەخۆی دابوو، یەکێکیان بۆ زستان و ئەوەی دیکەیانیش بۆ وەرزی هاوین و کاتی گەرما.

هەر بۆیە ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر درەنگتر لە جاران هات بۆ نوێژی جومعە،هەمووان لە لایان سەیر بوو کەوا بۆچی خەلیفە دواکەوتووە !

ئیمامی عومەر کە ڕۆیشتە سەر مینبەر، سەبارەت بە دواکەوتنی هاتە گۆو فەرمووی: ئەی موسڵمانان.. من لەبەر ئەوە دواکەوتم و درەنگ هاتم، چونکە جلەکەی خۆمم شۆردبوو، وە چاوەڕێ بووم تاوەکو وشک بێتەوە و بیکەمە بەرم، من بێجگە لەو پارچە جلە، جلێکی دیکەشم نەبوو لەبەری بکەم،[91] هەر ئەمە بوو هۆکاری دواکەوتنم بۆ نوێژ.

هەر ئەم ڕەفتارو ئاکارە جوانانەی ئەمیری بڕواداران ئیمامی عومەربوو کە وایکردبوو وەکو کەسێکی ئاسایی بژێت و بە دادگەری بەناوبانگ بێت.

---

٩١_ (١٠٠٠) وتەی ئیمامی عومەر گەشتێک بەناوی ژیانیدا، ئامادەکردنی: ئیبراهیم یونس السامرائی، وەرگێران و ڕاڤەکردنی: مامۆستا محی الدين تاها قورەیشی، لاپەڕە: ٩٣.

## ئیمامی عومەر

## بەرەخنە لێگرتن خۆشحاڵ دەبوو

ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت)لەهەر بابەتێکدا ئەگەر کەسێک رەخنەی لێ بگرتایە پێی خۆشحاڵ دەبوو، زۆرجاریش دەفەرمووێت: ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی کە کەم و کوڕیەکانم پێ دەڵێن و لەزۆر کاریشدا ئامۆژگاریم دەکات.

وە مافی ئازادی ڕا دەربڕین و ڕەخنە گرتنی بە خەڵکەکەی بەخشی بوو، لەڕێگەی ئەم چیرۆک و بەسەرهاتەوە زیاتر ئەم ڕاستییەمان بۆ بەدەر دەکەوێت، کە چیرۆکەکەش بەم شێوەیە، ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر لە کۆڕێکدا فەرمووی: من ترسی ئەوەم هەیە کە لەبەر شکۆ و پلەو پایەی خەلافەت، ئەگەر ڕۆژێک بەلاڕێدا بڕۆم و کارێکی خراپ بکەم، کەس نەوێرێت هۆشیارم بکاتەوە.

لەو کاتەدا پیاوێک لە کۆڕەکەدا بە شەهامەتەوە ڕاوەستاو ووتی: ئەی پێشەوای موسڵمانان، ئەگەر بەلاڕێدا بڕۆیت، ئەوا بە شمشێرەکانی خۆمان ڕاستت دەکەینەوە[92].

خەلیفەی موسڵمانان ئیمامی عومەر، بەم ئاگادارییە زۆر خۆشحاڵ بوو، سوپاسی خوای گەورەی کرد و فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە کۆمەڵێک لە هاوەڵانی بەمن بەخشیوە کە ئەگەر من بەلاڕێدا بڕۆم و بە نەزانین هەڵەیەک بکەم،بەبیرم دێننەوەو لەهەڵەکردندا بەئاگام دێننەوەو ڕاستم دەکەنەوە.

نموونەیەکی تر هەر لەسەر ئەم بابەتەو مافی ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن

---

٩٢_ (١٠٠٠) وتەی ئیمامی عومەر گەشتێک بەناوی ژیانیدا، ئامادەکردنی: ئیبراهیم یونس السامرائی، وەرگێران و ڕاڤەکردنی: مامۆستا محی الدین تاها قورەیشی، لاپەڕە: ١٥٠.

لە ئەمیری بڕواداران عومەری فاروق ئەم چیرۆکەیە:

ڕۆژێکیان ئیمامی عومەر خودا لێی ڕازی بێت، لە وتارەکەیدا فەرمووی: ئەی خەڵکینە، گوێڕایەڵی بکەن و فەرمانبەرداربن، واتە(دەستوور و فەرمانەکانی خەلیفەی ئیسلام وەرگرن و ڕەفتاری پێ بکەن).

پیاوێک لەکاتی وتارەکەدا ووتی: نا.. نەگوێ دەگرین و نە پەیڕەویشی دەکەین.

ئیمامی عومەر فەرمووی: بۆچی و لەسەر چی ؟

پیاوەکە بەڕاشکاوی ووتی: لەبەر ئەوەی کە چۆن تۆ دوو پۆشاک دەپۆشی بەڵام ئێمە هەر پۆشاکێک دەپۆشین و مافی یەک پۆشاکمان لە(بیت_المال)هەیە.

ئیمامی عومەریش لەوەڵامدا بێ ئەوەی بەقسەکانی ئەو پیاوە دڵی بێشێت و توڕە بێت لێی، فەرمووی: ئەم پۆشاکە زیادەیەم هی عەبدوڵڵای کوڕمە کە پێی بەخشیوم، وە لەبەشی (بیت_المال) نییە تا جۆرە گومانێک لەمن بکەن.

ئەوسا پیاوەکە ڕازی بوو و ووتی: کەوایە ئێستە گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارین[93].

٩٣_ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل:٢٦٧.

# ئیمامی عومەر

## داوای شەهید بوون لەخوا دەکات

لە ساڵی ٢٣ی، کۆچیدا ئیمامی عومەر لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا فەریزەی حەجی ئەنجامدا، کۆتا حەجی بوو کە لەژیانیدا ئەنجامی بدات، لەدوای ئەوەی ئیمامی عومەر حەجی تەواوکرد لەمینا[94] دەرچوو لە ئەبتەح وەستا و هەندێ خۆڵ و پوشی کۆکردەوەو جلەکانی بەسەریداو لەسەری دانیشت و پاشان هەردوو دەستەکانی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و فەرمووی: خوایە گیان.. من بەساڵاچووم و پیر بووم، هێزم نەماوەو خەڵکی زۆر بوونەو ژێردەستەکانم بڵاوبوونەتەوە، بۆیە خوایە گیان، گیانم بکێشە پێش ئەوەی شتێک بفەوتێنم یان کەمتەرخەمیەك بنوێنم[95].

خوایە داوای شەهیدیت لێ دەکەم لەپێناوی خۆتداو، مردن لەشاری مەدینەی پێغەمبەردا. دواتر ئیمامی عومەر گەڕایەوە بۆ مەدینە.

پاشان چەند هاوەڵێک لەوانیش (عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعی و ئەبو موسای ئەشعەری)و تەنانەت خودی ئیمامی عومەریش خەونی بینی بوو کە ئاماژە بوون بۆ ماڵئاوایی کردن و کۆتایی هاتن بە تەمەنی ئیمامی عومەر لەم ژیانەدا.

---

٩٤ _ مینا:دۆڵێکە لە ڕۆژهەڵاتی مەککە لەسەر ڕێی مەککە و کێوی عەرەفە، شەش کیلۆمەتر لە مزگەوتی حەرام دوورە، زۆربەی کارەکانی حەج لەوێدا ئەنجام دەدرێن. حاجی ڕۆژی تەرویە و ڕۆژی جەژن و ئەیامی تەشریق لەوێ بەسەر دەبا، ڕەمی جەمەرات، قوربانی و سەرتاشین ئەنجام دەدات.

٩٥ _ تاريخ المدينة، وإسناده صحيح إلى سعيد بن المسيب (٨٧٢/٣).

## كۆتا هەینی ئیمامی عومەر

كۆتا هەینی ئیمامی عومەر لە ڕۆژی (٢١)ی، مانگی (ذي الحجة)ی، ساڵی (٢٣)ی، كۆچی بوو[96].

ئەوەبوو ئیمامی عومەر چووە سەر مینبەر ولەپاش سوپاس و ستایشكردنی خوای گەورە و پاشانیش صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ و دواتریش دوعای خێری بۆ ئیمامی ئەبوبەكر كردو ئینجا بەخەڵكەكەی فەرموو: من خەونێكم دیوە كە بە نزیكبوونەوەی مەرگی خۆمی دەزانم، " لەخەونمدا بینیم كەڵەشێرێك دوو دەنووكی لەسەرم دا " وە خەڵكانێكیش هەن كە فەرمانم پێ دەدەن بۆئەوەی خەلیفەی دوای خۆم دیاری بكەم،خوای گەورە هەرگیز ئاینەكەی و خیلافەتەكەی نافەوتێنێ، ئەو ئەمانەتەش نافەوتێنێ كە پێغەمبەرەكەی پێ ناردووە، ئەگەریش زوو تۆش بووم ئەوا خیلافەت بە ڕاوێژە لە نێوان ئەو شەش كەسەی كە پێغەمبەر ﷺ تا وەفاتی كرد لێیان ڕازی بوو[97].

ئەمە كۆتا وتاری ڕۆژی هەینی ئیمامی عومەر بوو كە تێیدا باسی نزیكبوونەوەی مەرگی خۆی تێدا كردبوو بۆ هاوەڵانی، تاوەكو لەپاش خۆی ئەو شەش كەسە بە ڕاوێژكردن دیاری بكەن و ببێتە سێیەمین خەلیفەی موسڵمانان، كە ئەوانیش( عوسمانی كوڕی عەفان و عەلی كوڕی ئەبووتالیب و عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف و سەعدی كوڕی ئەبی وەقاس و تەڵحەی كوڕی عەبدوڵڵا و زوبێری كوڕی عەوام) بوون.

---

٩٦_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری كوڕی خەتاب، نووسینی:د. علی محمد الصلابیوەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، لاپەڕە: ٦٠٠، چاپی: چوارەم.

٩٧_ الموسوعة الحديثية للإمام أحمد رقم (٨٩) إسناد صحيح.

# شەهیدكردنی ئیمامی عومەر

ئیمامی عومەر وەكو دەرگایەكی داخراو وابوو لەبەرامبەر فیتنەدا، هەركات ئەو دەرگایە بشكایە فیتنە و ئاژاوە سەری هەڵدەدا.

ئەوەبوو بەشەهیدكردنی ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لەسەر بێت) فیتنە لەنێو موسڵمانان سەری هەڵدا، ئیمامی عومەر خۆشی دەیزانی ئەو دەرگا داخراوەی بەڕووی فیتەندا بوونی هەیە، خودی خۆیەتی، هەروەكو لە (حوزەیفەی یەمانی)یان، پرسی: ئایا عومەر بەو دەرگایەی دەزانی؟

ئەویش فەرمووی بەڵێ دەیزانی، هەروەک چۆن دەزانێ دوای ڕۆژ شەوە، چونكە من فەرموودەیەكم بۆی گێڕاوەتەوە هەڵەی تێدا نییە، جا ئێمە نەمان دەوێرا بپرسین كێ ئەو دەرگایەیە؟ ئەوەبوو وتمانە (مەسروق) پرسیاری لێ كرد ئەو دەرگایە كێیە؟ ووتی: عومەرە[98].

ئێستاش با باسی هۆكار و چۆنیەتی شەهید كردنی ئەمیری بڕواداران عومەری كوڕی خەتتاب بگێڕینەوە: هاوەڵی بەڕێز،موغەیرەی كوڕی شوعبە كویلەیەكی مەجوسی بەناوی (ئەبو لوئلوئەی مەجوسی)[99] لەناو شاری مەدینەدا هەبوو كە كەسێكی زۆر دەست ڕەنگین و شارەزاو پیشەسازبوو لە بوارەكانی وەكو ئاسنگەری و دارتاشی و وێنەكێشاندا..

---

٩٨_ صحیح البخاري رقم الحدیث:( ٧٠٩٦) كتاب الفتن، باب الفتنة.

٩٩_ئەبوو لوئلوئەی ئاگرپەرست و پێی دەوترێت: فەیرووزی نەهاوەندی (بە فارسی: پیروز نهاوندی) ناوی فەیرووز بووە، و نازناوی ئەبوو لوئلوئەی ئاگرپەرست بووە، بە ناوی كچەكەیەوە، و لەناو گەلەكەیدا ناوی لێ نراوە بابا شوجاعەدین.بكوژی خەلیفە عومەر كوڕی خەتتابە. لوئلوئە لەلایەن ڕۆمەكانەوە گیرا پاشان موسڵمانان لە دەستی ڕۆمەكانەوە گرتیان، و لە ساڵی ٢١ی كۆچیدا بە دیل بردرا بۆ مەدینە،و كۆیلەی موغییرە كوڕی شوعبە بوو، و بۆ ڕێبازە زۆرینەكەی موسڵمانان كە سوننەكانن، بە خوانەناسێكی دەزانن كە موسڵمان نەبووە، و تاوانبار بووە بەهۆی كوشتنی عومەر كوڕی خەتتاب (خودا لێی ڕازی بێت) و شیعەكان بە موسڵمانێكی شیعەی دەزانن و پاڵەوانێكە بانگەشەی بەهەشت دەكات، و ئەبوو لوئلوئە بە بنچەكە فارسێكی خەڵكی نیاوەنە.

ڕۆژێکیان ئەبو لوئلوئە هات بۆلای ئەمیری بڕواداران عومەری کوڕی خەتتاب و شکاتی لە (موغەیرەی کوڕی شوعبە)ی، گەورەی هەبوو، کە ڕۆژانە چوار درهەمی لێ دەوێت لەبەرامبەر بەو شتانەی کە دروستی دەکات لە دەسارِ و ئارد هارِ و ئامێری تر[100].

ئەبو لوئلوئە داوای لە ئیمامی عومەر کرد کە بە موغەیرەی کوڕی شوعبە بڵێ با لەسەری قورس نەکات.

ئیمامی عومەر فەرمووی: چی دروست دەکەی؟

ئەبو لوئلوئەش ووتی: ئاسنگەری و دارتاشی و نەخشەکاری.

خەلیفە عومەر فەرمووی: بە موغەیرە دەڵێم داوای پارەی زۆرت لێ نەکات،

تۆش لەخوا بترسە و لەگەڵیان باشبە.

ئیمامی عومەر دەیویست بە موغەیرە بڵێ کە لەگەڵ ئەبو لوئلوئە باش بێت، بەڵام ئەبو لوئلوئە بەتوڕەییەوە ڕۆیشت و ووتی: دادپەروەری عومەری هەموو کەسی گرتۆتەوە جگە لەمن[101]. عومەر لەگەڵ مندا دادپەروەر نەبوو.

ئەبو لوئلوئە کەسێکی زۆر دڵ بەکینە و حاقد بوو، بەتایبەت بۆ ئیمامی عومەر، چونکە لەسەردەمی ئەمدا ئیمپراتۆریەتی هەزار ساڵەی فارس ڕوخا، ئەمانە وای لە ئەبو لوئلوئەی مەجوسی کرد پلانی کوشتنی ئیمامی عومەر دابڕێژێت.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی،ئیمامی عومەرو هەندێک لە هاوڕێیەکانی لەناو شارو بازاڕی مەدینەدا دەگەڕان، ئەبو لوئلوئەی بەلایاندا تێپەڕی، ئیمامی عومەریش

---

١٠٠ _ کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا،نووسینی:حەسەن محمود حەمە کەریم، ل:٤٢١.

١٠١ _ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٢٢.

کە چاوی بە ئەبو لوئلوئە کەوت، بانگی کرد و پێی فەرمووی: ئەوە ئەو ڕۆژە تۆ ووتت: دەتوانم ئاشێک دروست بکەم بۆ ئارد کە بە (با) کار بکات؟

ئەبو لوئلوئە بە ڕوویەکی گرژ و قینەوە ڕووی تێکرد و ووتی: ئاشێکت بۆ دروست دەکەم، هەموو عالەم باسی بکات !! دواتر لێیداو ڕۆیشت ..

ئیمامی عومەریش کەسێکی زۆر ژیر بوو، بۆیە بەهاوڕێیەکانی فەرمووی: هاوڕێیان ئەو کوڕە هەڕەشەی کوشتنی لێ کردم..!

دوو ڕۆژ دواتر ئیمامی عومەر ڕۆیشت بۆ مزگەوت کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی، زیلحەجەی ساڵی ٢٣ی، کۆچی بوو، تاوەکو بەرنوێژی نوێژی بەیانی بۆ موسڵمانان بکات.

ئیمامی عومەر پێشکەوت و بە خەڵکەکەی فەرمووی: ڕێک ڕاوەستن، با بۆشایی و لارولێری لە نێوانتانا نەبێ.

عەبدوڵڵای کوڕی عەباس و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفیش لەپشتیەوە بوون.

دواتر ئیمامی عومەر لەدوای ڕێکخستنی خەڵکی "الله الكبر" کرد و نوێژی دابەست، لەدوای خوێندنی سورەتی (الفاتيحه) سورەتی (یوسف)ی، دەخوێند، ئیمامی عومەر هەمیشە نوێژی بەیانیان ڕکاتی یەکەمی درێژ دەکردەوە، تاوەکو هەموو موسڵمانان فریای ڕکاتی یەکەم بکەون، ئیمامی عومەر هەر لەسەرەتایی خوێندنەوەی سورەتی یوسفدا بوو، ئەبو لوئلوئە لە ناوەڕاستی ڕیزەکانەوە هات سێ خەنجەری ژەهراوی دووسەرە، بەهەموو هێزو توانایەوە لە شانی و دوانیش لە ناوك و سكیدا، ئەوانەی سکی زۆر بە خراپی پێکرا..

هێندە خراپ لێیدا ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەو سەگە کوشتمی.

لەو سەردەمەدا مزگەوتەکان چونکە تاریک بوون تەنها ئەوانەی پێشەوە ڕوداوەکەیان بینی و ئەوانەی ڕیزی دواوە ئاگاداری هیچ نەبوون.

ئیمامی عومەر بەهۆی پێکانەکانیەوە دەنگی نەما، ئەوانەی دواوەش وایان دەزانی ئیمامی عومەر ئایەتەکەی لەبیرچووە یاخود هەڵەی کردووە، هەر دەیان ووت: سبحان الله، سبحان الله ..

ئەبو لوئلوئە دەیویست هەڵبێت، موسڵمانانی پێشوە ویستیان بیگرن، ئەبو لوئلوئەس بەڕاست و چەپیدا خەنجەرە ژەهراوییەکەی دەوەشاند، بەو هۆیەوە سیانزە کەسی تری پێکا، حەوتیانی شەهید کرد، کە عبدالرحمن ئەوەی بینی زیرەکانە جوبەکەی خۆی دا بەسەریدا و گرتی، ئەبو لوئلوئەش کە زانی دەربازبوونی نییە، هەر بە خەنجەرە ژەهراوییەکەی خۆی، خۆی خۆی کوشت و یەکسەر مرد.

ئیمامی عومەر هەر لەخەمی نوێژەکەیا بوو، بۆیە دەستی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی گرت و بردییە پێشەوە تاوەکو ئەو نوێژەکەیان بۆ تەواو بکات.

عبدالرحمن پێشکەوت بۆ تەواوکردنی نوێژەکە، بەڵام ئەوانەی پشتەوە نوێژەکەیان بڕی، ئەوانەی دووریش بوون هەر دەیانووت: سبحان الله..

سبحان الله، واتە: هەڵە کراوە..!

عبدالرحمانی کوڕی عەوف نوێژێکی کورتی بۆیان کرد و ئیمامی عومەر لەهۆش خۆی چوو و بورایەوە بەهۆی ئەوەی خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووبوو.

ئیمامی عومەر کاتێک بەهۆش هاتەوە لەماڵەکەی خۆیدا بوو، خەڵکی بە پەرۆشەوە لەچوار دەوری ئامادە بوون، ئیمامی عومەر یەکەم شت لەدوای بەهۆش هاتنەوەی ئەوە بوو پرسی: ئایا خەڵکەکە نوێژەکەیان کرد؟!

ئەوانیش ووتیان : بەڵێ.

دواتر ئیمامی عومەر داوای ئاوی کرد تاوەکو دەستنوێژ بشوات و نوێژەکەی بکات، هەرچەندە هەر خوێنی لێ دەڕۆیشت،دوای ئەوەی لەنوێژەکەی بوویەوە، تەماشای دەوروبەری خۆیکرد عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی بینی، بە عەبدوڵڵای فەرمووی: ئەی عەبدوڵڵا.. بڕۆ بزانە کێبوو وای لەمن کرد؟

عەبدوڵڵاش ووتی: دوژمنی خوا، ئەبو لوئلوئەی مەجوسی، کۆیلەکەی موغەیرە لێی دایت، چەند کەسێکی تریشی شەهید کرد و پاشانیش خۆی خۆی کوشت.

ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەو پیشەسازەکە؟

عەبدوڵڵای کوڕی عەباس فەرمووی: بەڵێ.

ئیمامی عومەریش فەرمووی خوا لەناوی ببات، خۆ من چاکەم لەگەڵدا کرد، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە مردنی منی نەخستە دەستی یەکێک لە موسڵمانان، سوپاس بۆ خوا کە کوژرانی من بەدەستی کەسێک بوو کە یەک سەجدەیشی بۆ خوا نەبردووە تا لەڕۆژی قیامەتدا بیکا بە بەڵگە و پاکانە بۆخۆی.

دواتر دکتۆریان بۆ بانگکرد، دەنکە خورمای نەرم کراوی لەگەڵ شیردا پێدا، هەمووی لە ڕیخۆڵەکانی سکیەوە دەهاتنە دەرەوە، دکتۆرەکە زانی کە خەنجەرەکە کاری خۆیکردووە بۆیە ووتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران.. چیت بڕیارداوە بیکە چونکە تۆ دەمریت.

ئیمامی عومەریش فەرمووی: دکتۆر ڕاستی کرد لەگەڵمدا.

خەڵکەکەی چوار دەورەی کە ئەوەیان بیست هەموو دەستیانکردە گریان.

ئیمامی عومەر بەوە ناڕەحەت بوو، بۆیە بە خەڵکەکەی فەرموو: هەرکەس دەگری با بچێتە دەرەوە. دواتر ئیمامی عومەر بانگی عەبدوڵڵای کوڕی کرد و فەرمووی: ئەی عبداللە بزانە چەنێک قەرزم لەسەر بیدەنەوە،

پاشان پێی فەرموو: بچۆ بۆلای دایکی ئیمانداران، دایکمان عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر بێت) پێی بڵێ: عومەر سڵاوت لێ ئەکا، نەڵێی: ئەمیری بڕواداران..لەبەرئەوەی من لەمڕۆوە ئەمیری بڕواداران نیم، بڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب داوات لێ دەکات ڕێگەی پێبدەی کە لەگەڵ هاوڕێکانی بمێنێتەوە[102]، مەبەستی ئەوە بوو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و ئیمامی ئەبووبەکری صدیقدا لەماڵەکەی دایکمان عائیشە بنێژرێت، پاشان عەبدوڵڵای کوڕی ئەوەی باوکی پێی ووت، بە دایکمان عائیشەی فەرموو، دایکمان عائیشەش فەرمووی: شوێنێک مابوو من ئەو شوێنەم بۆخۆم داناوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پێش خۆم دەخەم.

دواتر عەبدوڵڵا هاتەوە بۆلای باوکی تاوەکو وەڵامەکەی دیاکمان عائیشە بە ئیمامی عومەر بگەیەنێت، کە هاتەوە ووتیان: ئەوە عەبدوڵڵا هاتەوە.

ئیمامی عومەر فەرمووی: بەرزم بکەنەوە، پیاوێک چووە ژێر باڵی و ڕاستی کردەوە، ئیمامی عومەر بە عەبدوڵڵای کوڕی فەرمووی: چیت پێیە؟

عەبدوڵڵاش فەرمووی: ئەوەی پێت خۆشە ئەی ئەمیری بڕواداران، مۆڵەتم بۆ وەرگرتی.

ئیمامی عومەریش فەرمووی: سوپاس بۆ خوا، هیچ شتێک بەلامەوە هێندەی ئەمە بەلامەوە گرنگ نییە.. ئینجا ئیمامی عومەر بەردەوام بوو و بەعەبدوڵڵای فەرموو: ئەگەر گیانم سپار و مردم، هەڵمبگرەو پاشان سڵاو لە دایکی ئیمانداران دایکە عائیشە بکەو بڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب داوای مۆڵەتی چوونە ژورەوە دەکات، ئەگەر مۆڵەتی پێدام بمبەنە ژورەوە، ئەگەر گەڕانمیەوە

---

١٠٢_ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب،نووسینی: د.علی محمد الصلابی، وەرگێرانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی، ل: ٦٠٢، چاپی: چوارەم.

بمگێڕنەوە بۆ گۆڕستانی موسڵمانان لەوێ بمنێژن.ئیمامی عومەر بۆیە

داوایکرد کە دوبارە عەبدوڵڵای کوڕی داوای مۆڵەت لە دایکە عائیشە بکات، چونکە دەیووت: نەوەکو دایکە عائیشە لەڕووی نەهاتبێ من زیندوو بم و داواکارییەکەم ڕەت بکاتەوە، بۆیە با لەدوای مردنیشم داوای مۆڵەتی لێ بکەن.

ئیمامی عومەر سێ ڕۆژ لەدوای ئەو پێکانەوە ژیاو دواتر بە شەهیدی گیانی سپارد، ئیمامی عومەر دوا ساتەکانی تەمەنی ئەوەبوو سەری لەکۆشی عەبدوڵڵای کوڕیدا بوو، ئیمامی عومەر فەرمووی: سەرم بخەنە سەر زەوی !

عەبدوڵڵای کوڕیشی فەرمووی: فەرقی چییە سەرت لەسەر کۆشی مندا بێت یاخود لەسەر زەوی؟!

ئیمامی عومەر فەرمووی: کورە دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات، سەرم بخەرە سەر زەویەکە، بەڵکو خوای گەورە بەچاوی بەزەیی چاوم لێ بکات...

لەو ساتانەدابوو ئیمامی عومەر سەریان خستە سەر زەوی و ڕوحی پاکی دەرچوو و ماڵئاوایی لەم ژیانەدا کرد...

ئەوکاتە ئیمامی عومەر تەمەنی ٦٣ساڵبوو، ماوەی خەلافەتەکەشی دە ساڵ و شەش مانگ و چەند ڕۆژێک بوو[103].

**لەگەڵ کۆتایی هاتنی تەمەنی ئیمامی عومەر(ڕەزای خوای گەورەی) لەسەر بێت، کتێبەکەشمان لێرەوە کۆتایی پێ دێت..**

١٠٣_ سير السلف لأبي القاسم الأصفهاني (١/١٦٠).

**بەرهەمەکانی نووسەر:**

**١_ چەند دانا و زانایەکی کوردی موسڵمان(٢٠٢٣).**

**٢_ چەند چیرۆکێک لەژیانی ئیمامی عومەردا (٢٠٢٤).**

**٣_ دایکم زیندووە(تەواو نەکراوە)**

**٤_ بەرهەمی داهاتوو ((پێناسەی خودا لە سورەتی الاخلا ص) دایە)).**

**بۆ هەر سەرەنج و رەخنە و تێبینییەك،بەخۆشحاڵییەوە دەتوانن لەرێگەی ئەم ئەکاونتانەمدا ئاگادارم بکەنەوە:-**

**Facebook// Mhamad S Salaye**

**Instagram// mhamad_saeed99**

محمد سعيد محمد

کەرکوک کوردستانی باشوور

٢٠٢٤/٥/٢شەوی چوارشەم لەسەر پێنجشەممە

## سەرچاوەکان:

١_قورئانی پیرۆز.

٢_ تەفسیری ئاسان.

٣_تەفسیری ڕێبەر.

٤_صحیحي البخاري.

٥_ ژیانی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب،نووسینی: د.علی محمد الصلابی، وەرگێڕانی:عفان شێخ صدیق سەرگەتی.

٦_ گوڵاوی سەرمۆر، نووسینی:الشیخ صفي المبارکفوري،وەرگێڕانی: مەودوود جەبار.

٧_ دەمێک لەمێژووی ئیسلام، وەرگێڕان و نوسینی: علی خان.

٨_ژیانی پێغەمبەری خوا لەقورئان و فەرمودەکاندا،نوسینی:مەلا محمد فائق شارەزوری.

٩_ گوڵاوی سەرمۆر ژیاننامەی پێغەمبەری مەزن، نووسینی: صفی الرحمن المبارکفوري، وەرگێڕانی: بکرحمە صدیق عارف.

١٠_ ژیانی ئازیزمان، نووسینی: حەبیب محمد سعید، بەرگی یەکەم.

١١_50 چیرۆک لە فەرموودەکانی پێغەمبەر لە بوخاریدا، نووسینی: علي عبدالعال الطهطاوي، وەرگێڕانی :عبدالرحمان ئەحمەد.

١٢_ أخرجه ابن ماجه: كتاب اللباس، برقم (3548)، وصححه الألباني.

١٣_١٠٠ چیرۆک لەبارەی خۆشەویستی پێغەمبەرەوەﷺ، نووسینی: محمد صدیق مەنشاوی، وەرگێڕانی:کەیهان مستەفا.

١٤_ پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا، نووسینی: عەلی باپیر.

١٥_ژیانی ئازیزمان، نووسینی: حەبیب محمد سعید، بەرگی دووەم.

١٦ _ خەلیفەی یەکەم ئەبووبەکری صیددیق،نووسینی: دکتۆر علي محمد الصلابي،
وەرگێرانی: مامۆستا عومەر تۆفیق الخطاط.

١٧ _ کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا،نووسینی:حەسەن محمود حەمە کەریم.

١٨ _ مێژووی تەبەری،نووسینی:محمد بن جریر طبری،وەرگێرانی: زانەر محمد.بەرگی ٤

١٩ _ تەواوی مێژوو،نووسینی:عیزەدین ئیبن ئەسیر، وەرگێرانی: زاهیر محمد ڕەشید، بەرگی چوارەم.

٢٠ _ خەلیفەکانی ڕاشدین لەنێوان جێنشینبوون و شەهید بووندا،نووسینی: صلاح عبدالفتاح الخالدي،وەرگێرانی: فاتح محمد سەنگاوی.

٢١- زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺعومەری کوڕی خەتاب،ئامادەکردنی:خوبەیب کوردی.

٢٢ _ (١٠٠٠) وتەی ئیمامی عومەر گەشتێک بەناوی ژیانیدا، ئامادەکردنی: ئیبراهیم یونس السامرائی، وەرگێران و ڕاڤەکردنی: مامۆستا محی الدین تاها قوڕەیشی.

٢٣ _الفاروق عمر،محمد حسين هيكل، ج١.

٢٤ _ سایتی ویکیپیدیای کوردی.

٢٥ _تاريخ المدينة، وإسناده صحيح إلى سعيد بن المسيب (٨٧٢/٣).

٢٦ _ الموسوعة الحديثية للإمام أحمد رقم (٨٩) إسناد صحيح.

٢٧ _ سير السلف لأبي القاسم الأصفهاني (١٦٠/١).

٢٨ _تەواوی مێژوو،نووسینی:عیزەدین ئیبن ئەسیر، وەرگێرانی: زاهیر محمد ڕەشید، بەرگی سێیەم.

٢٩ _دەق و واتای الأربعون النووية بەکوردی، نوسینی:أبو زكريا يحيى بن شرف الحزامي النووي، بە کوردیکردنی محمد ماحی.

٣٠ _موسلیم (٨)// ئەبووداود (٤٦٩٥)// ترمذي (٢٦١٠)// نەسائی (٤٩٩٠)// ئیبنوماجە (٦٣).

# ناوەڕۆک


-پێشەکی........................................................................ ٣

-ئیمامی عومەر کێیە؟................................................. ٥

-مەککە ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی................................. ٧

عومەر هەوڵی شەهیدکردنی پێغەمبەر ﷺ دەدات............................. ٨

عومەر هیدایەت وەردەگرێت.............................................. ١٠

موسڵمانبوونی عومەری فاروق............................................ ١٥

-کۆچکردن لە﴿مەککەوە بۆ مەدینە﴾ساڵی ١٣ ی، پێغەمبەرایەتی........... ١٨

کۆچ و هیجرەتی ئیمامی عومەر............................................ ١٩

عەییاش دەستگیر دەکەم.................................................. ٢٢

-قۆناغی(مەدینە)ساڵ:یەکەمی کۆچی تاوەکو یازدەهەمی کۆچی............ ٢٤

خەوبینینی ئیمامی عومەر بۆ بانگدان...................................... ٢٥

ڕاستگۆیەك و دوو شەهید................................................... ٢٨

پێغەمبەر ﷺ و پرسیارکەرێکی نامۆ......................................... ٢٩

پێغەمبەر ﷺ دوعا بۆ ئیمامی عومەر دەکات................................ ٣١

ئەم دونیا بۆ ئەوانەو قیامەتیش بۆ ئێمە..................................... ٣٢

ئێستا ئیمانت تەواوە ئەی عومەر........................................... ٣٤

-ساڵی: یازدەهەمی کۆچی................................................... ٣٥

كۆچی دوایی پێغەمبەرﷺو كاردانەوەی ئیمامی عومەر........................٣٦
-سەردەمی جێنشینبوونی(ئەبووبەكری صدیق)ساڵ: ١١تاوەكو١٣كۆچی...٤٠
ئیمامی عومەر بەیعەت بە ئەبووبەكر دەدات...............................٤١
كۆكردنەوەی قورئان...................................................٤٣
ئەبوبەكر ئیمامی عومەر دەكاتە جێنیشنی خۆی ١٣ك........................٤٦
-سەردەمی خەلافەتی ئیمامی عومەر تاوەكو شەهیدبونی، ساڵ: ١٣تا ٢٣
كۆچی ...........................................................٥٠
وتاری ئیمامی عومەر وەكو خەلیفەیەكی نوێ..............................٥١
سكاڵاكردنی پیاوێكی میسری.............................................٥٣
گریانی منداڵێكی شیرەخۆر...............................................٥٦
ئەو ژنە حەقی پێكاو عومەر هەڵەی كرد....................................٥٨
پیرەژنێك عومەر دەخاتە گریان............................................٦٠
عومەر و بۆنی میسك.................................................٦٢
ئەگەر پێغەمبەرﷺ ماچی نەكردیتایە ماچم ناكردی ............................٦٣
نوێژی تەراویح......................................................٦٤
دانانی ساڵنامەی كۆچی..............................................٦٦
ناڵەی ئافرەتێكی دووگیان............................................٦٨
خۆ خوای عومەر ئاگای لێمانە..........................................٧١

سۆزی ئافرەتێک لەدووری مێردەکەیدا.................................٧٣
ئەو ئافرەتەی بەردی بۆ منداڵەکانی دەکوڵاند...............................٧٥
ئیمامی عومەر و پیاوێکی سەرخۆش.................................٧٩
جگە لەو پارچە جلە جلێکی دیکەم نییە لەبەری بکەم.......................٨٢
ئیمامی عومەر بەڕەخنە لێگرتن خۆشحاڵ دەبوو.........................٨٣
ئیمامی عومەر داوای شەهیدبوون لە خوا دەکات .........................٨٥
کۆتا هەینی ئیمامی عومەر...................................................٨٦
شەهید کردنی ئیمامی عومەر...............................................٨٧
-بەرهەمەکانی نووسەر.........................................................٩٤
-سەرچاوەکان.........................................................................٩٥
ناوەڕۆک...................................................................................٩٧

## له كتێبه‌كه‌وه:

# " موژده‌ی شه‌هیدبوون "

ڕۆژێكیان پێغه‌مبه‌ر ﷺ و ئیمامی ئه‌بو به‌كری (صدیق)و ئیمامی عومه‌ری كوڕی خه‌تاب و ئیمامی عوسمانی كوڕی عه‌فان، چوونه‌ سه‌ر كێوی ئوحود و له‌سه‌ر كێوی ئوحود ڕاوه‌ستابوون، له‌و كاته‌دا كێوی ئوحود ده‌ستی كرد به‌ له‌رزین و له‌رزه‌ی پێخستن، پێغه‌مبه‌ریش ﷺ به‌قاچی لێی داو فه‌رمووی: (( ئه‌ی ئوحود.. جوڵه‌ جوڵ مه‌كه‌.! بێگومان ته‌نها پێغه‌مبه‌رێك و ڕاستگۆیه‌ك و دوو شه‌هید له‌سه‌رتن)). پاشان كێوی ئوحود له‌ له‌رزین كه‌وت!